## ئەگەر واشنتۆن مەبەستیێتی لە شەڕی داعش سەرکەتوو بێت

# دەبێت بیر لە یەکپارچەیی سووریا و عێراق نەکاتەوە

پرۆفیسۆر تید گەلن کارپێنتەر*

بۆ گوڵان دەینووسێت



بەرپرسەکانی ئیدارەی ئۆباما بە روونی رایانگەیاندووە کە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەڕەشەیەکی ئەمنی جددی و تەنانەت هەڕەشەیەکی وجوودییە لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژئاوای دیموکراتی. بەو پێیە، واشنتۆن- لە رووی ژمارەوە- هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی پێکهێناوە کە جێی سەرسامییە و ئەرکە باڵاکەشی تێکشکاندنی ئەو رێکخراوە توندڕەوەیە. بەڵام لایەنێك لە ستراتیژیەتی ئیدارەکەدا هەیە کە مایەی نیگەرانییە و تا رادەیەکیش تەم و مژاوییە، ئەوەیش ئەوەیە کە سەرکردەکانی ئەمریکا دان بەوەدا نانێن کە لە ئامانجە جۆراوجۆرەکانی واشنتۆن لە پەیوەندی لەگەڵ شەڕی دژی داعشدا رای دژبەری گەورە هەیە.

لێرەدا بەڵگەی زیاتر دەخەینەڕوو، شەڕی ناوخۆی سووریا بە نموونە وەردەگرین کە تا هەنوکە بەردەوامە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەوڵدەدات لە یەك کاتدا دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) تێکبشکێنێت و لە هەمان کاتدا بەردەوام بێت لەسەر لاوازکردنی حکومەتەکەی بەشار ئەل ئەسەد، بەڵام ئەو کاتە هەردوو ئامانجەکە بەدەست دەهێنرێن، کە لە سووریا چەند یەکەیەکی سەربازی هەبن کە لە رووی سیاسییەوە میانڕەو بن و دەرفەتی باشیان لەبەردەمدا بێت بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات، بەڵام میانڕەوەکان بەتایبەتی ئەوانەی پابەندن بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی سووریاوە کە تا رادەیەك لە رووی ژمارەوە کەمن و زۆریك لەوانەی

لە ئارادان، بە چەشنی ركابەرە توندڕەوەكانیان باش رێكنەخراون و چەكدار نەكراون. لە راستیدا، هەندێ لەو گرووپانەی پێشتر واشنتۆن بە میانڕەوی دادەنان، لە نێویاندا چەند لایەنێك لە نێو سوپای سووری ئازاددا دەركەوت پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) هەیە. ئەوەش كاتێك بە شێوەیەكی مەترسیدار روون بۆوە، كە لایەنێكی نێو سوپای سووری ئازاد، ستیڤن سۆتلۆف (رۆژنامەنووسە ئەمریكییە بە بارمتەگیراوەكە)یان، بە بڕی ٥٠ هەزار دۆلار بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) فرۆشت، كە سەرەنجام سەربڕینی دڕندانەی ئەو رۆژنامەنووسە بەدبەختەی لێكەوتەوە.

واقیعەكە ئەوەیە كە هەڵمەتە ئاسمانییەكان بەسەركردایەتی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و رێوشوێنە سەربازییەكانی دیكە كە ئامانج لێیان لاوازكردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ە، بە شێوەیەكی راستەوخۆ دەبنە هۆی بەهێزكردنی دەسەڵاتەكەی ئەسەد و لە بەرژەوەندی رژێمەكەیدان. سەركردەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش نایانەوێت رووبەڕووی ئەو راستییە نەخوازراوە ببنەوە. بەڵام بە زۆری سیاسەتی دەرەوە ئەوەت لێ دەخوازێت لە نێوان بژاردە خراپ و خراپترەكان، هەڵبژاردن بكەیت. پێویستە سەركردەكانی ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەو پرسیارە لە خۆیان بكەن كە ئایا دەیانەوێت ئەسەد باڵادەست بێت، یاخود دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)؟ ئەو ئامانجەی كە خوازیارە هەردووكیان بە تێكشكاوی ببینێت، تەنها خەیاڵێكی بەرزەفڕانەیە.

چەندەها لایەن هەن خوازیاری ئەوەن دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، بە تێكشكاوی ببینن، بەڵام هەندێ لەو لایەنانەی كە ئەگەری ئەوەشیان لێدەكرێت ببنە هاوپەیمانی دژی داعش، سیاسەت داڕێژەرانی ئەمریكا بێئەندازە نارەحەت دەكەن. سەرەڕای ئەسەد، رژێمی ئایینی ئێران و میلیشیا دڵڕەقە شیعەكان لە عێراق و سووریا و حزبوڵا لە لوبنان، لە نێو دوژمنە سەرەكییەكانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)دان، بەڵام ئاشكرایە ئەوانە لە گۆشەنیگای ئەمریكاوە هاوپەیمانێكی متمانەپێكراو نین، گەرچی دەتوانن شەڕكەرانێكی كارا بن. لە راستیدا، هەندێ لە سەختترین شەڕەكان لە نێوان یەكەكانی میلیشیاكانی حزبوڵا و دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دا روویان داوە، كە ئەمەی دواییان ئەدایەكی خراپی هەبوو. بۆیە دووبارە پێویستە سەركردەكانی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەو پرسیارە لە خۆیان بكەن كە ئایا بەرگەی ئەوی دەگرن هاوپەیمانگەلێكی كارای دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) دوور بخەنەوە، تەنانەت ئەگەر جێی متمانەش نەبن؟

پێویستە بەرپرسەكانی ئیدارەی ئۆباما لە كۆتاییدا رووبەڕووی ئەو ئەگەرە ببنەوە كە رەنگە دەستهەڵگرتن لە پاراستنی یەكپارچەیی خاكی سووریا و عێراق ئەو باجە بێت كە دەبێت بدرێت بۆ لە ناوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش).

یەكێك لە سەرنجڕاكێشترین هاوپەیمانە عەلمانییەكان لە سووریا بریتییە لە كوردەكانی دانیشتووی باكوور و باكووری رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە، بەڵام زۆرینەی كوردەكانی سووریا لە باشترین حاڵەتدا دڵنیانین لە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی سووریای یەكگرتوو كە لەلایەن دیمەشقەوە حوكمڕانی بكرێت. لەبری ئەوە پێیان باشترە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمی) دروست بكەن، هاوشێوەی هەرێمی كوردستانی خۆبەڕێوەبەر كە لە عێراقی دراوسێیاندا هەیە. پێویستە بەرپرسانی ئەمریكاش ئەو پرسیارە لە خۆیان بكەن كە ئایا هیچ هۆكارێكی قەناعەتپێهێنەر هەیە لە روانگەی بەرژەوەندییەكانەوە بۆ ئەوەی ئەمریكا پێداگیری بكات لەسەر ئەوەی سووریا، یان عێراق وەك خۆیان بمێننەوە لە چوارچێوەی سنوورەكانی ئێستادا؟ زۆر زەحمەتە تەنانەت پاساوێكی عەقڵانی بۆ ئەم داواكارییە بدۆزرێتەوە، چ جای ئەوەی پاساوێكی قەناعەتپێهێنەر.

پێویستە واشنتۆن كراوە بێت لە ئاست سەرهەڵدانی تەرتیباتێكی سیاسی پتر نامەركەزی لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراق، یاخود كراوە بێت لە ئاست دروستبوونی ئەو دەوڵەتانەی لە نەمانی ئەم دوو دەوڵەتەوە دێنەئاراوە، كە رەنگە قەوارەیەكی عەرەبی سوننە لە رۆژئاوای عێراق و چەند بەشێكی سووریا لە خۆبگرێت و كوردستانی گەورەی سەربەخۆی لە زۆرینەی ناوچە كوردنشینەكانی هەردوو وڵاتەكەدا لێبكەوێتەوە. نابێت قەوارەگەلێك كە دروستكران و سنوورگەلێك كە داڕێژران لەلایەن نووسینگە دەرەكییەكانی هێزە كۆلۆنیاڵە ئەوروپییەكانەوە لە دوای جەنگی جیهانی یەكەم، تەحەكوم بە سیاسەتی ئەمریكاوە بكەن لە سەدەی بیست و یەكدا. ئەگەر بە نامەركەزیكردن، یاخود تەنانەت ئەگەر دابەشبوونی سووریا و عێراق باجێكی پێویست بن بۆ تێكشكاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، ئەوا نابێت واشنتۆن بەرد بخاتە سەر رێگەی ئەو پرۆسەیە.

---

*** تۆژەری باڵا و جێگری سەرۆكی پرۆگرامەكانی ئامۆژگای كاتۆ و نووسەری گۆڤاری (زە ناشناڵ ئینتریست) و (وەرزنامەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست) و (گۆڤاری گوڵان).**

**ئەگەر بە نامەركەزیكردن، یاخود تەنانەت ئەگەر دابەشبوونی سووریا و عێراق باجێكی پێویست بن بۆ تێكشكاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، ئەوا نابێت واشنتۆن بەرد بخاتە سەر رێگەی ئەو پرۆسەیە**

**زۆرینەی كوردەكانی سووریا لە باشترین حاڵەتدا دڵنیانین لە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی سووریای یەكگرتوو كە لەلایەن دیمەشقەوە حوكمڕانی بكرێت. لەبری ئەوە پێیان باشترە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری (ئۆتۆنۆمی) دروست بكەن، هاوشێوەی هەرێمی كوردستانی خۆبەڕێوەبەر كە لە عێراقی دراوسێیاندا هەیە**

**سەرەڕای ئەسەد، رژێمی ئایینی ئێران و میلیشیا دڵڕەقە شیعەكان لە عێراق و سووریا و حزبوڵا لە لوبنان، لە نێو دوژمنە سەرەكییەكانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)دان، بەڵام ئاشكرایە ئەوانە لە گۆشەنیگای ئەمریكاوە هاوپەیمانێكی متمانەپێكراو نین، گەرچی دەتوانن شەڕكەرانێكی كارا بن**

محەمەدی حاجی مەحمود

پێشمەرگە و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# مسعود بارزانی بۆ بەدەستهێنانی مافی نەتەوەکەی بەدرێژایی تەمەنی هەر پێشمەرگەبووە



پاراستنی ئەم دەسکەوتە دپلۆماتیە گەورەیە و سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕ ئەرکی ئەمجارەی سەرۆک بارزانی قورستر کردووە



**محەمەدی حاجی مەحمود، جیا لەوەی سکرتێری (حزبی سۆشیال دیموکراتی کوردستان)ـە، زیاتر لە ٤٠ ساڵە پێشمەرگەیە و لە ئێستاشدا لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە وەك یەکێك لە فەرماندەکانی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەستنیشانکراوە. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای هێزی پێشمەرگە لەو بەرە بەرفراوانەی شەڕی دژی تیرۆریستان و چوونی پێشمەرگە بۆ هاوکاری خوشك و براکانی لە کۆبانێ و هەڵسەنگاندنی رەوشی سیاسیی ناوچەکە بەگشتی، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجامداوەو بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

**گوڵان:** لەو کاتەوە کە شاری موسڵ لە لایەن چەکدارانی داعشەوە داگیرکرا، هێزی پێشمەرگە رووبەڕووی تیرۆریستان وەستانەوە و ئێوەش بە فەرمانی بەڕێز مسعود بارزانی فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، دەستنیشانکران بۆ ئەوەی وەك فەرماندەیەکی بەرەکانی شەڕ رووبەڕووی هێزەکانی داعش ببنەوە، لەگەڵ ئەوەی سکرتێری حزبێکی دێرینن، چۆن بوو وەك پێشمەرگە رووتان لە سەنگەرەکانی بەرگری کردەوە؟

**محەمەدی حاجی مەحمود:** ئێمە پێشمەرگەین و هەر کاتێکیش میللەتەکەمان پێویستی بە ئێمە بێت، ئەوەی لە تواناماندا بێت، درێغی ناکەین و هەمان پێشمەرگەی جاران دەبین بۆ کوردستان، ئەمجارەیان بەڵایەکی ناگەهان، یان شەڕێکی داسەپێنراو بەرۆکی کوردستانی گرت و بە دڵڕەشییەکی زۆرەوە و بێبەزییانە پەلامار دراین، بێ ئەوەی ئێمە خاکی کەسمان داگیرکردبێت، یان چووبێتینە وڵاتی کەسەوە، هەڕەشەی ئەمجارە لەسەر دەستی داعش هەڕەشەیە لە هەموو دەسکەوتەکانی میللەتەکەمان لە مێژووی رزگاریخوازی گەلەکەماندا، لەبەر ئەوە بە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیمان زانی کە رووبەڕووی ئەو هەڕەشەیە ببینەوە، ئەمجارەیان هەڕەشەیەکی مەترسیدارتر لە بوون و مێژووی هەموو میللەتەکەمان دەکرێت، نەك تەنیا لە داهاتووی، بەڵکو لە رابردووە پڕ سەروەرییەکانییەوە هەتا ئێستا، بۆیە بە ئەرکی خۆمان زانی بێینەوە مەیدان، کاتێکێکیش بەڕێز جەنابی کاك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لێم کرد کە ئەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییە بگرمە ئەستۆ بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە، بێ دوودڵی قبوڵمان کرد، تا بەرگری لە خاك و نیشتمانی خۆمان بکەین.

**گوڵان:** لە یەکەمین رۆژانی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش، بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەك پێشمەرگەیەك لە ناو سەنگەرەکانی پێشەوەی بەرەکانی جەنگ دەبینرێت، بەڕێزیشتان لە بەرەی کەرکووك پێشوازیتان لێ کرد، وەك کەسایەتییەك کە لە زۆربەی قۆناغەکانی تەمەنتدا رۆڵی فەرماندەیی پێشمەرگەتان بینیوە، رۆڵی سەرۆك بارزانی لە بەڕێوەبردنی شەڕەکەدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**محەمەدی حاجی مەحمود:** جەنابی کاك مسعود بارزانی جگە لەوەی هەر لە تەمەنی لاوییەوە پێشمەرگە بووە، بەردەوامیش بێ دابڕان لە سەنگەرەکانی بەرگریدا بووەو بە درێژایی تەمەنی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەی پێشمەرگەیی کردووە، بەڵام ئەمجارەیان ئەرکی سەرشانی قورستر بووە، چونکە ئەمجارەیان سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانە و لە لایەن

خەڵکی کوردستانەوە ئەو شەرەفەی پێ دراوە، لەبەر ئەوە لە ڕووی شەرعی و یاساییەوە ئەو بەرپرسیاری یەکەمی ئەم وڵاتەیە، جگە لەمەش فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانی هەموو هەرێمی کوردستانە، واتا ئەمجارە ئەرکەکانی سەرشانی گرانتر و قورستر بووە، لەبەر ئەوەیە کە بە قەبارەیەکی زیاترەوە چووەتە ناو بوارەکانی پێشمەرگایەتی و کێشەکانی وڵاتەکەوە، نەك هەر لەو بوارەشدا، بەڵکو یەکێك لە سەرکەوتنەکانی میللەتەکەمان بە درێژایی مێژووی خۆی تا ئێستاش ئەوە بووە کە لە بواری پێشمەرگایەتیدا دوژمنانی ناچار کردووە بیانگێڕێتەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، کە زۆربەی جاران کورد لەسەر ئەو مێزە دۆڕاندوویەتی، بەڵام لە بواری دیبلۆماسیەت و پێوەندییەکاندا بۆ یەکەمین جارە کورد سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، چونکە خۆتان دەزانن کە سەرکەوتنەکانی ئەمجارە بێگومان بۆ سەرکەوتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بۆ ڕۆڵی دیپلۆماسییانەی کورد دەگەڕێتەوە کە هەمووان تێیدا هاوبەش بوون، ئەوەش سەرکەوتنی دیپلۆماسییە کە لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا هاتنەدەنگ و هاتنەدەستی ئەمریکای هێنایە سەر هێڵ، دواتر وڵاتانی دیکەی ناوچەکەی هێنایەدەنگ کە پشتگیری گەلی کورد بکەن، هەر لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تا ئیتاڵیاو کەندا و ئوسترالیاو ئەڵمانیاو بەلجیکا و نەرویج و چەندین وڵاتی دی، بۆ یەکەمین جاریش بوو سەرۆکی فەرەنسا بە شەخسی پشتگیری تەواوی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان ڕاگەیاندو خۆی هاتە کوردستان بۆ ئەو مەبەستە، ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە بوارە دیپلۆماسییەکەدا کورد سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، ئەمەش فەزڵێکی گەورەیە بۆ میللەتەکەمان و بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستانیش.

**گوڵان:** ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەم ساڵانەی دواییدا ئامادە نەبوون پاڵپشتی هیچ لایەنێکی ناو ناکۆکییەکانی جیهانی و بەتایبەتیش خۆرهەڵاتی ناوەند بکەن، بەڵام زیاد لە ٦٠ دەوڵەتی خاوەن بڕیاری دنیا بۆ پاڵپشتی و هاریکاری هەرێمی کوردستان بە یەکدەنگی پاڵپشتی خۆیان دەربڕی، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو واقیعە هەیە؟

**محەمەدی حاجی مەحمود:** من هۆکاری ئەم پشتگیرییە بە پەلەی ئەمریکا بۆ کوردستان و هێزی پێشمەرگە بۆ چەند خاڵێك دەگێڕمەوە، یەکەم: ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ و بە پشتگیری ئەو هاوپەیمانێتییەی دروستی کرد، توانی ڕژێمی سەدام حوسێن بڕووخێنێت، تا عێراقێکی دیموکراتی بونیاد بنرێتەوە کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ پارێزراو بن و سیستمی ئەم وڵاتە جێگیر بکەن، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە ئەمریکا بە تایبەتی و هاوپەیمانان بەگشتی بە هەزاران سەربازی خۆیان کردە قوربانی زۆر لەوە زیاتریش بریندار بوون، ئەمە بێجگە لەو پارە زۆرەی لەم پێناوە خەرجیان کرد، بەڵام دەرکەوت عێراق نەبووە ئەو وڵاتە، ئەوەی مایەوە وەك سەرکەوتنێك تەنها کوردستان و هەرێمی کوردستان بوو.

دووەم: ئەو ئازادییەی لە کوردستان فەراهەم کراوە، کە زۆر جار خۆمان بە فەوزا ناوی دەبەین، لە تێڕوانینی ڕۆژئاوا و ئەمریکا زۆر گرنگە.

سێهەم: خاڵێکی گەشی دیکە بۆ کوردستان لێبوردەیی و پێکەوەژیانە لەکوردستان، ئەمەش نەك بۆ ناوخۆی کوردستان بەڵکو بۆ پێکهاتەکانی دیکەی عێراقیش کە دێنە کوردستان، هەر بۆ نموونە چ شیعە لە ترسی سوننە و چ سوننە لە ترسی شیعە لە خواروو یان ناوەڕاستی عێراقەوە بۆ خۆپاراستنیان ڕوو لە کوردستان دەکەن، مەسیحی لە ترسی هەردووکیان (شیعە و سوننە) هانا بۆ کوردستان دەبات، ئەمانەیە وایکردووە پێکەوەژیانێکی جیاواز لەوەی عێراق، لە کوردستاندا دروست بێت، ئەمە لای ئەمریکا بریتییە لە پێکەوەژیانی نەتەوەکان و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان بەسەر یەك خاکەوە کە خاکی هەرێمی کوردستانە، ئەمانە هەمووی هاندەرن بۆ هاتنە وەڵامی ئەمریکا لەسەر کوردستان و دروستکردنی هاوپەیمانێتی لە پێناویدا.

چوارەم: بەرژەوەندییەکانی کوردو ئەمریکایە لە بواری ئابووریدا کە لەیەکترەوە نزیك بۆتەوە، تەنانەت کونسوڵگەری ئەمریکا لە کوردستانە، ئێوە باش دەزانن لە موسڵەوە تا جەلەولا لە لایەن تیرۆریستانەوە گیرا، ئەمریکا نەهاتە وەڵام لەسەریان، بەڵام بەرامبەر بە مەترسییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بێدەنگ نەبوو.

پێنجەم: کورد کەوتە سەنگەرێکەوە کە لە جیاتی هەموو دنیا شەڕی تیرۆر بکات، چونکە ڕێکخراوی داعش ڕێکخراوێکی فرەڕەگەزە تەنانەت ئەمریکی و بەریتانی و ئەڵمانی و ئوسترالی و ئەفریقی و هەموو جۆرە ڕەگەزێکی تێدایە و هەموویان چاویان بڕیوەتە سەر ئەم ناوچەیەی ئێمە تا پایەگایەکی بەهێزی لێ دروست بکەن و لێرەوە بنکەی دەرچوونیان بێت بۆ ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی هەموو دنیا، لەبەرئەوەیە کورد کەوتۆتە سەنگەری بەرانبەر ئەوانەی کە بە نیازن هەموو دنیا بڕووخێنن.

لەبەر ئەوەیە پێویستی دەکرد ئەو هاوپەیمانێتییە لە هەولێرەوە دەست پێ بکات، ئەمجارە کورد ڕووبەڕووی ئەو تیرۆرە بۆتەوە، پێشمەرگە بۆتە ناوێکی ناسراوی جیهانی و ئەندامە لە هاوپەیمانییەکەدا کە لە هاوپەیمانی ناتۆ گەورەترە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی هاوپەیمانی ئەمجارە،

**لە موسڵەوە تا جەلەولا لە لایەن تیرۆریستانەوە گیرا، ئەمریکا نەهاتە وەڵام لەسەریان، بەڵام بەرامبەر بە مەترسییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان بێدەنگ نەبوو**

**پێشمەرگە بۆتە ناوێکی ناسراوی جیهانی و ئەندامە لە هاوپەیمانییەکەدا کە لە هاوپەیمانی ناتۆ گەورەترە، لەبەر ئەوەی ئەندامانی هاوپەیمانی ئەمجارە، تیایاندایە ئەندامی ناتۆ نییە. ئەمەش هەولێری کردۆتە بنکەیەکی دژەتیرۆر کە ڕووبەڕووی هەموو تیرۆریستانی دنیا بۆتەوە**



سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ میحوەری کەرکووك

**کاتێک بەڕێز جەنابی کاک مسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لێم کرد کە ئەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییە بگرمە ئەستۆ بۆ پاراستنی ئەو ناوچانە، بێ دوودڵی قبوڵمان کرد، تا بەرگری لە خاک و نیشتمانی خۆمان بکەین**

تیایاندایە ئەندامی ناتۆ نییە. ئەمەش هەولێری کردۆتە بنکەیەکی دژە تیرۆر کە ڕووبەڕووی هەموو تیرۆریستانی دنیا بۆتـــەوە، ئەمەش وا دەکات هەمـــوو بڕیارەکان لە هەولێرەوە دەربچوێنرێن.

**گوڵان:** بەســـتنەوەی کوردســـتان و هاتنە ســـەر هێڵی کورد بۆ سەر نەخشـــەی وزەی جیهانی یەکێك بووە لەو هۆکارانەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ببنە پاڵپشـــت بۆ کوردســـتان، ئەمەش نزیك خستنەوەی ئاواتی لەمێژینەو مەزنی کوردە بۆ گەیشـــتن بە سەرجەم مافە ڕەواکانی وەك نەتەوەیەکی بەشـــخوراو لەسەر نەخشەی جیهانیدا، ئـــەم خاڵە بۆ بە هاناوەچوونـــی میللەتەکەمان لە لایەن گەورە زلهێزانی دنیاوە تاچەند کاریگەری هەبووە؟

**محەمەدی حاجی مەحمود:** یەکێك لە خاڵەکان بەرژەوەندی ئابووریی ئەمریـــکاو وڵاتانی ئەوروپییە لەگەڵ کورد کە خاڵی بنەڕەتییە، مەسەلەی نەوت و زۆر شتی دیکەشە، ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی کوردســـتاندا گەلی کورد لە بواری دیپلۆماســـی ســـەرکەوتنی وا مەزن بە دەست بهێنێت، فەزڵی ئەمەش بۆ سیاسەتی حەکیمانەی ســـەرکردایەتی سیاســـیی کوردســـتان دەگەڕێتـــەوە، کارکردنی کورد بە دیپلۆماســـییانە وای لە وڵاتانی دنیا کرد، هـــاوکاری مرۆیی و ســـەربازی و چەك بدەن بە کوردســـتان، ئێمە تا دوێنێ فیشەکێکمان بە قاچاغیش دەست نەدەکەوت، ئێســـتا فڕۆکەی سەربازی زلهێزانی دنیا لە هەولێر چەك دادەبەزێنن بۆ پێشمەرگە، بە ئاشکرا دەوڵەتان داندەنێن بەوەی هاوکاری کوردو پێشمەرگە دەکەن، ئەمە ســـەرکەوتنی گەورەیە، یان چوونی پێشمەرگە لەم ڕۆژانەدا بە ئاشکرا بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستان و بە ڕێڕەوێکی فەرمی نێودەوڵەتی ئەمانە هەمووی خەونە هاتوونەتەدی.

**گـــوڵان:** بارودۆخێك لەم قۆناغەدا هاتۆتە پێشـــەوە کە کوردی هەر چوار پارچەی کوردســـتان ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویســـتییان بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێســـتی هەیە، حزبەکانی ڕۆژئاوا بە چاودێری سەرۆکی هەرێمی کوردســـتان لە دهـــۆك ڕێککەوتن و ئێســـتاش هێزی پێشمەرگەی باشووری کوردســـتان بە چەکی قورسەوە بـــۆ بەهاناوەچوونی کوردی ڕۆژئـــاوا بەڕێکەوتووە، چ یەکڕیزیەك لە خیتابی گشتی کوردستان دەبینن؟

**محەمەدی حاجی مەحمود:** یەکڕیزی ماڵی کورد یەکێکە لەو فاکتەرە بەهێزانەی کە سەرکەوتنی بۆ کورد مسۆگەر کرد، پەندێکی کوردی هەیە، دەڵێت: ئەگەر کلکی تەور



هەولێر ـ سەرۆکی کوردستان لە پێشوازی سەرۆکی فەرەنسادا

دەســـکەکەی لە دارەکە نەبێت، نایبڕێتـــەوە، یان ئەگەر دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقڵشـــێت، هەر شکستێك کە کورد دوچاری هاتبێت لە مێژوودا، هەمیشە هۆکارەکەی ناکۆکی و کێشـــەکانی ناوخۆی بـــووە، بەڵام یەکڕیزی میللەتەکەمان و یەکهەڵوێســـتی سیاســـیی حزبەکانی کوردستان دەستەبەری سەرکەوتنەکانی میللەتەکەمانن، ئەگەرچی راوبۆچوونی جیاواز هەن، بەڵام کە مەســـەلە دێتەســـەر کوردو بەرگری لە کوردستان، هەمووان ناچار دەکات لە یەك ســـەنگەردا پێکەوەو شان بە شانی یەکتر بەرگری بکـــەن، بۆیە پێموایە یەکڕیزی نیشـــتمانی و یەکهەڵوێستی هێزە سیاسییەکان دەبێتە هۆی یەکگرتنی ئیرادەی خەڵکی، بێگومان دنیـــاش رێز بۆ ئیرادەیەکی یەکگرتووی میللەتێك دادەنێن.

**گـــوڵان:** هاوپەیمانێتی زیاتر لـــە ٦٠ دەوڵەتی دنیا بۆ پێشمەرگە ئاسۆی داهاتووی کورد دەگەیەنێتە کوێ؟

**محەمەدی حاجی مەحمود:** پێش ئەوەی سەیری یەکڕیزی و بە تەنگەوەچوونی کـــورد بۆ هاوکاری یەکتر بکەین، پێویستە لە خۆمان بپرسین ئەم هەلومەرجە سیاسیە چۆن هاتۆتە پێشـــەوە؟ کێ توانیویەتی ئەم هەلومەرجە وا لێ بکات کورد بە دەنگی یەکتـــرەوە بڕوات؟ گرنگیەکەی لەوەدایە کە کورد لە رووی دیپلۆماسیەت و پێوەندیەکانی دەرەوەیدا ســـەرکەوتنی بەدەست هێناوە، تەماشای ژمارە ناکرێت، چەند پێشـــمەرگەی باشـــووری کوردستان بە ناو ســـێ ســـەد کیلۆمەتری وڵاتێکی دیکەدا کە ناوی تورکیایە و چەند ســـاڵێك پێش ئێســـتا هـــەر بڕوای بە ناوی کوردیـــش نەبـــووە، ئەمـــە وەرچەرخانێکی زۆر گەورەیە رەنگە تورکیا ئەمە بۆ خاوکردنەوەی فشـــاری ئەمریکا بکات، بەڵام دیپلۆماســـیەتی کورد و ئەمریکاو کوردو تورکیا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە پێشمەرگە بە چەکی قورســـەوە لە هەولێرەوە روو بکاتە سنووری زاخۆ و لەوێوەش سێ ســـەد کیلۆمەتر بە ناو خاکی تورکیادا بڕوات بۆ بەهاناوەچوونی براکانی لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان، رەتبوونی پێشـــمەرگە لە کوردستانی عێراق بۆ کوردســـتانی تورکیا و گەیشتنەوەی بە کوردستانی ســـووریا بایەخێکی گـــەورەی مێژوویـــی هەیە، ئەمە خەونێکە چاوەڕواننەکراو بوو، هەنگاوێکی ســـەرکەوتنە کـــە لە هیچ کتێبێکـــدا گەورەییەکەی جێـــی نابێتەوە، هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان وەك هێزێکی مەعنەوی و ســـەربازی بۆ بەدەمەوە چوونـــی براکانی لە کۆبانی خاکی دەوڵەتی دیکەی بڕیوە. تەنیا لە سەر ئاستی هێزە

**بۆ یەکەمین جاریش بوو سەرۆکی فەرەنسا بە شەخسی پشتگیری تەواوی وڵاتەکەی بۆ هەرێمی کوردستان راگەیاندو خۆی هاتە کوردستان بۆ ئەو مەبەستە، ئەمە بۆ یەکەمین جارە لە بوارە دیپلۆماسییەکەدا کورد سەرکەوتن بەدەستبهێنێت**



گەورەکانی وەك ئەوروپا و ئەمریکادا هەنگاوی وەها نراوە کە بتوانن بە ناو خاکی وڵاتێکی دیکەدا بگەنە وڵاتی مەبەست، دیپلۆماسیەتی کوردی وایکردووە تورکیا ئاسانکاری بۆ بکات و سووریاش پێشوازی لەو هەنگاوە بکات، و ئامادە بێت بە فڕۆکەی خۆی ئەو هێزە بگەیەنێتە شوێنی مەرام، هەروەها پێشوازی لێکردنی خەڵکی کوردستان لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆمەڵێك خەسڵەتی گرنگی هەیە، لە رووی راگەیاندنەوە هەموو دنیا چاوی لەو هێزە بووە، لە رووی سیاسییەوە گەورەترین سەرکەوتنی بە دەست هێناوەو لە رووی دیپلۆماسیشەوە گەورەترین سەرکەوتنە بۆ میللەتەکەمان و سەرکردایەتی سیاسی کورد، لە بواری پێوەندییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەو پێشوازییە گەرمەو ئەو فرمێسکانەی بۆ پێشمەرگە دەڕێژرێن و ئەو باوەشانەی خەڵکی کوردستانی تورکیا بۆیانی دەکردەوە، ئەمە پێوەندییەکان لە رووی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و نیشتمانییەوە زیاتر پەرەی پێدەدا، هێزێك بۆ گیانبەخشین روو لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان بکات، ئەمە لە مێژووی میللەتی کوردا رووی نەداوە، رەنگە هێزەکە بە ژمارە کەم بن، بەڵام لە رووی سەربازی و دیپلۆماسی و سیاسی بۆ هەموو جیهانی دەسەلمێنێت کە جێگە و پێگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە کوێ و لە چیدایە، هەر چۆن کورد راپەڕینی کرد و بڕیارِی پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی دا، چۆن کورد باسی فیدڕاڵی کرد، چۆن زۆر مەسەلەی نەتەوەیی چەسپاند و چۆن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی هاتن بە دەنگیەوە و ناوی پێشمەرگە بە رێزەوە لە ناو هەموو راگەیاندنەکانی دنیادا دێت، چوونی ئەو هێزەش بۆ کۆبانێ لەوانە کەمتر نییە، بەتایبەتی رەتبوونیان لە ناو تورکیاوە.

**گوڵان:** لە کاتی هەڵگیرسانی جەنگدا ئیتر وڵات هەمووی یەکدەنگ دەبن بۆ ئەوەی شەڕەکە بە سەرکەوتن یەکلا بکەنەوە، حزبەکان واز لە حزبایەتی تەسك دەهێنن، ئێستا کورد کەوتۆتە بەردەم گەورەترین هەڕەشەی تیرۆریزمانی جیهانی، بەڵام هەندێك جار شەڕە دەنووکی ململانێی حزبیمان گوێ لێ دەبێت، ئایا ئەم شەڕەدەنووك و یەکتر بە کەم تەماشاکردنەی نێوان حزبەکانی کوردستان بەتایبەتی لە کەناڵەکانی میدیاییدا چۆن دەبینیت؟

**محەممەدی حاجی مەحمود:** تا ئێستا لە دنیادا حزب ئەلتەرناتیڤی بۆ پەیدا نەبووە، حزب بایەخی خۆی هەر ماوە بۆ رێکخستنی خەڵکی و ئاراستەکردنیان بەرەو دیموکراتی و پرەنسیپەکانی مرۆڤایەتی، لە حزبیش تا حزبێکی دی مەسەلەی دیموکراتی بوونی جیاوازە، بەڵام ئێستا وەك کورد رووبەڕووی هەڕەشەیەك بووینەتەوە لە رووی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە مەترسیدارە بۆمان، بۆیە پێویستە جەخت لە مەسەلە نەتەوایەتییەکە بکەینەوە، ئێستا حزب ئامرازێکە بۆ ئامانجێك و لە کاتێکدا پەرلەمان و حکومەتمان هەیە، پێویستە لە رێی ئەو وەزارەتانەی پێوەندیدارن بە بەرگری نیشتمانییەوە بەرگری لە نیشتمانی خۆمان بکەین، هەڕەشە کۆتایی نایەت لەسەر کورد، چونکە لە رووی جیۆگرافی و پێکهاتەیی و سیاسی ناوچەکەوە کێشەی هەیە، هەر کاتێ هەڕەشەکانیش کەم بوونەوە، کەس رێ لە حزبایەتی ناگرێت کە چۆن رێڕەوی خۆی دیاری بکات، بەڵام کاتێ رووبەڕووی دوژمن دەبینەوە، پێویستە وەك یەك نەتەوە و نیشتمان و نەتەوە بەرگری بکەین.

**گوڵان:** کورد داخوازێت نەك دروشمی فیدڕاڵییەت لە عێراقدا بۆ کۆنفیدڕاڵی بگۆڕن، بەڵکو جاڕی سەربەخۆیی بدەن، کەچی ئەوەتا لە ژێر گوشارە نێودەوڵەتییەکاندا کورد ناچار بوو دەرفەتێکی دی بداتە حکومەتی عێراق تا کێشەکانی لەگەڵ کوردستان نەگەنە بنبەستی تەواو کە ناچار بن بڕیار لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بدەن، ئایا عێراق بۆ ئەو دەرفەتە جێی متمانەیە؟

**پێشوازی لێکردنی خەڵکی کوردستان لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆمەڵێک خەسڵەتی گرنگی هەیە، لە رووی راگەیاندنەوە هەموو دنیا چاوی لەو هێزە بووە، لە رووی سیاسییەوە گەورەترین سەرکەوتنی بە دەست هێناوەو لە رووی دیپلۆماسیشەوە گەورەترین سەرکەوتنە بۆ میللەتەکەمان و سەرکردایەتی سیاسی کورد**

**هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک هێزێکی مەعنەوی و سەربازی بۆ بەدەمەوەچوونی براکانی لە کۆبانێ سنووری دەوڵەتی دیکەی بڕیوە، تەنیا لە دەسەڵاتی هێزە گەورەکانی وەک ئەوروپا و ئەمریکادا هەنگاوی وەها نراوە کە بتوانن بە ناو خاکی وڵاتێکی دیکەدا بگەنە وڵاتێکی دی**




پێشوازی باکوری کوردستان لە هێزی پێشمەرگە لە کاتی تێپەڕبوونی بۆ کۆبانێ

**محەمەدی حاجی مەحمود:** نابێت هیچ شتێك پەشیمانمان بکاتەوە لەسەر مەسەلەی نیشتمانی و نەتەوەیی، ئێستاش لەگەڵ ئەو رایەدام کە کۆنفیدراڵی دەتوانێ چارەسەر بێت بۆ دۆخی گشتی عێراق، چونکە ئێستا دراوسێیەکمان بۆ پەیدا بووە ناوی داعشەو ناسنامەکەشی دیار نییە، بەڵام عێراق ئێستا سێ حکومەتی جیاوازی هەیە، یەکیان لە خواروی عێراق و یەکیان لە ناوەندی عێراق و ئەوی دیکەشیان هەرێمی کوردستانە، ئەم هێزەی ناوەندە بە ناوی داعش و نەقشبەندی و کێ و کێیە، هەموویان سوننە مەزهەبن، هەموو وڵاتانی عەرەبی سوننەش هاوکارییان بۆ دەنێرێن، رەنگە بە ئەجندای ئەوان وڵاتانی دیکەی دنیاش یارمەتییان بدەن، هەندێکیان لەوانەیە بۆ تەمێکردنی شیعەیە کە لە دوای سەدام تاکڕەوییان لە فەرمانڕەواییدا کرد، بەڵام پێموایە نە حکومەتی عەبادی و نە دوای ئەویش هەر حکومەتێکی دیکە بێت، ناتوانن چارەسەری مەسەلەی رەوای کورد بکەن، کە پێیان نەکرا، کورد پێویستە خۆیان بڕیاری خۆی بدات، کە کۆنفیدراڵی باشترین بژاردەو رێگەچارەیە، ئێستا رەنگە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ رەچاوی ئەمریکاو دۆخی ناوچەکەش بکات، بڵێن باشە، چونکە ئەمجارە لە عێراقدا بە واقیعی دەرکەوت بەشداریی کورد لە عێراقدا بەشداری نییە و شەراکەتیش نییە، کورد داوای لە عەبادی کرد نیو سەعات وتارخوێندنەوەی خۆی دوا بخات، کەچی دوای نەخست و حکومەتی خۆی پێکهێنا و بەرنامەی خۆی پێشکەش کرد، تەنانەت ئەندامانی پەرلەمان شتێکیان خوێندەوە لە ناو پەرلەمان، کەس گوێی بۆ نەگرتن لە بەغدا، واتا ئەمجارە کورد لە عێراقدا شەریك نییە و لە ترسی شەڕی داعش سوننەیان هێنا کردیانە ئەلتەرناتیڤ، نۆ وەزارەتیان پێداون و سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکانی سەرۆك وەزیران و سەرۆك کۆماریان داوەتێ، کەچی دوو سێ وەزارەتیان بۆ کورد داناوەو دوای مانگ و نیوێك کە دەچین بەشداری دەکەین، پێمان دەڵێن بەشێکتان پێ دەدەین و بەشداریتان پێ دەکەین، ئەگینا کورد ئێستا لە عێراق شەریك نییە، شەراکەت ئەوە بوو کە جاری پێشوو هاتن لە هەولێر دانیشتن کە چۆن دەسەڵات دابەش بکەن لە عێراقدا، ئەوە شەراکەت بوو، ئێستا کورد لە عێراقدا پەراوێز خراوە.

**رەتبوونی پێشمەرگە لە کوردستانی عێراق بۆ کوردستانی تورکیا و گەیشتنەوەی بە کوردستانی سووریا بایەخێکی گەورەی مێژوویی هەیە، ئەمە خەونێکە چاوەڕواننەکراو بوو، هەنگاوێکی سەرکەوتنە کە لە هیچ کتێبێکدا گەورەییەکەی جێی نابێتەوە**

# باروودۆخی ئێستای عێراق
# دیدێکی ستراتیژیی بۆ کردنەوەی گرێ سەرەکییەکان



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە





دیارترین دیاردە کە بتوانێت وێنای بارودۆخی ئێستای عێراقمان بۆ بکێشێت، ڕەنگە پرسی ئەو پارێزگایانە بێت کە دەسەڵاتی دەوڵەت تیایاندا هەرەسی هێناوە و لەلایەن هێزە تیرۆریستەکانەوە جێگەی دەسەڵاتی دەوڵەتی گرتۆتەوە، ئەمەش بە کێشەی سەرەکی و یەکەمی ئەمڕۆی وڵات دادەنرێت، هەر بۆیە ئەم پرسە پێویستی بە جەختکردنەوەی ئیستیسنائی لەسەر هەردوو ڕەهەندی ڕاستەوخۆی نزیك و ناڕاستەوخۆی دوورمەودا هەیە، هەر بۆیە لە بارودۆخێکی لەم جۆرە ئاڵۆز و دژوارەدا، شتێکی سروشتییە کە پێویستمان بە دیدێکی ستراتیژیی گونجاو هەبێت و ئەم دیدە ستراتیژییەش لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی قوڵی یەکڕیزیی نیشتمانی بونیاتنرابێت و خۆی لە دەوری دامەزراوەکانی دەوڵەت بئاڵێنێت، بۆ ئەوەی ببێتە هاندەر و دەوڵەت ئەو توانایەی هەبێت کە بەرپرسیاریەتی نیشتمانیی خۆی بۆ پاراستنی سەروەریی و بەرگریکردن لە هاووڵاتیانی جێبەجێ بکات، بە تایبەتی کە ئێستا بە ملیۆنەها پەنابەر هەن و دەبێت دەوڵەت وەڵامدانەوەی بۆ خواست و پێداویستییەکانیان هەبێت.

**شتێکی سروشتییە کە پێویستمان بە دیدێکی ستراتیژیی گونجاو هەبێت و ئەم دیدە ستراتیژییەش لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی قوڵی یەکڕیزیی نیشتمانی بونیاتنرابێت و خۆی لە دەوری دامەزراوەکانی دەوڵەت بئاڵێنێت**

## ● حکومەتی فیدڕاڵی لەسەر بنەمای ڕازیکردنی مەزهەبی بونیاد نراوە

لەبەر ئەوەی لە پێکهاتە و پێکهێنانی حکومەتی فیدڕاڵی بنەمای ڕازیکردنی مەزهەبی پیادە کراوە، شلۆقییەکی گەورەی لە حکومەتەکەدا دروستکردووە، ئەم بنەمایەش کە دابەشکردنی مەزهەبییە بۆتە فەلسەفەو بەرنامەی حکومەتەکە، ئەوا هەر بەرنامەیەك لەسەر ئەم بنەمایە دابڕێژرێت، هەموو لایەك دەڵێن لەبەر هۆکاری حوکمڕانیی مەزهەبی بارودۆخەکە کەڵکە بووە و ئەرکی سەرشانی هێزە مەدەنییەکانیش چەند هێندە قورستر بووە، لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر بارودۆخێکی ئاڵۆز و دڵەڕاوکێی وادا، پێویستمان بە بژاردەی ورد و یەکلایکەرەوەی ئەوتۆ دەبێت، وەك ئەوەی کەسێك لە بەرزاییەکانی زۆرەوە بەسەر پەتی سێرکدا بپەڕێتەوە.

**لەبەر ئەوەی لە پێکهاتە و پێکهێنانی حکومەتی فیدڕاڵی بنەمای ڕازیکردنی مەزهەبی پیادە کراوە، شلۆقییەکی گەورەی لە حکومەتەکەدا دروستکردووە، ئەم بنەمایەش کە دابەشکردنی مەزهەبییە بۆتە فەلسەفە و بەرنامەی حکومەتەکە**

کۆی بارودۆخە گشتییەکە کۆمەڵێك کاری ڕاستەوخۆی نزیك و دوور لە خۆی دەگرێت، ئەوانیش ئەو لایەنە سەرەکییەن:

١. لایەنی سەربازی و ئاسایش

٢. لایەنی مەدەنی و مرۆیی

یەکەمیان پێویستی بە ئامادەباشی ژمارە و کەرەستە هەیە کە حکومەتی فیدڕاڵی بەدرێژایی ساڵانی ڕابردوو لەدەستی داوە، بەرپرسیاریەتی ئەم لەدەستدانەش دەکەوێتە ئەستۆی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق کە خۆی بەرپرسی تەنها و یەکەمی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ و ئەمنی نیشتمانی و موخابەرات بووە، ئەو بەرپرس بووە لە بەجێهێشتنی شاری موسڵ و خەڵکەکەی لەو کارەساتەدا لە سەردەمی حوکمڕانییەکەی، ئەوەشی بارودۆخێکی خراپتری خوڵقاندووە، کشانەوەی هێزەکان بوو لەو ناوچانە، کە هەر نەك کشانەوەیەکی ڕێکوپێکی سوپا نەبوو، بەڵکو ئەوە بوو هێزێك بە قەوارەی زیاتر لە ٨٥ هەزار سەرباز بە هەموو چەك و تەقەمەنی و ئامێر و کەلوپەلی سەربازییەوە بەجێهێڵرا و کەوتە دەستی تیرۆریستان، ئەوجا سەرباری ئەمەش هێزی ئاسایشی ناوخۆ و دامەزراوە حکوومییەکانی دیکە هەموویان پەکیان کەوتووە و گۆڕەپانی بەرپرسیاریەتییان بەجێهێشتووە، ئەمەش یەك مانای هەیە و ئەوەیش ئەوەیە دەوڵەت و دامەزراوەکان پێکەوە لەبەریەك هەڵوەشاون.

## ● دەستنیشانکردنی لۆژیکییانەی گرفتەکە

لە بارودۆخێکی لەوجۆرەدا، ئەوا گرنگە بە شێوەیەکی ژیر و کامڵانە بارودۆخی ئێستای عێراق دەستنیشان بکەین، ئەو بارودۆخەش ئەوەیە ئەمڕۆ عێراق بە قۆناخێکدا تێدەپەڕێت هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوو تائێستا قۆناخی وا ترسناکی بەخۆیەوە نەبینیوە، بەجۆرێك بارودۆخەکە داخزاوە، هەتا دەوڵەتی عێراق گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر فاشیل و ڕووبەڕووی لەبەریەکهەڵوەشانی سەرتاسەری بۆتەوە، ئەمەش لەو حاڵەتەدا بەتەواوەتی بەرجەستە بوو، کاتێك پێکهاتەی سەربازی و ئەمنی لەبەر یەکهەڵوەشا و موسڵیان بۆ قەدەری کارەساتێکی دڵتەزێن بەجێهێشت، هەربۆیە لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا دەرهاوێشتەی ئەو لەبەریەکهەڵوەشانە بەردەوامە، ئەمە وایکرد پارێزگاکانی دیکە بکەونە بەر شاڵاوی خوێناوی تیرۆریستان کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بوونی نەبووە، مەترسییەکە گەیشتە ئەوەی هەڕەشە بە ئاکامی ترسناکتر بکات، ئەمەش نەك لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

چەکدارە تیرۆریستەکانی داعش ئەو بارودۆخە لەبەر یەکهەڵوەشاوە سەرتاسەرییەی دەوڵەتی عێراقیان قۆستەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تاوانکاری و دڕندانەی خۆیان بسەپێنن و بەشێوەیەکی تەواو لە پارێزگاکانی دیکەی بکەن، ئەمەش نەك لەپێناوی ئەوەی خەڵکەکە بخەنە خزمەتی خواستە دڕندانەکانی خۆیان، بەڵکو هەوڵیان داوە خەڵکە بکەنە کۆیلە و ملکەچیان بکەن، هەروەها تاوانی جینۆساید و دژە مرۆڤایەتی بۆ پاکتاوی ڕەگەزی و ئایینی پیادە بکەن، ئەو شێوازەی تیرۆریستانی داعش بۆ پاکتاوی ڕەگەزی و ئایینی و گۆڕینی دیموگرافی

پیادەیان کرد، شێوازێکی زۆر هەمەجی بووە لە مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیدا، هەموو ئەو تاوانانەشی بەو چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلانە ئەنجامداوە کە یەکەکانی سەربازی و ئەمنی عێراق بۆیان بەجێهێشتوون.

هەربۆیە لێرەوە ئەرکی سەرەکی دەبێتە رووبەڕووبوونەوەی داعش و هەموو هێزە تیرۆریستییەکان و ئامانجە تاوانکارییەکانیان و فیکری رەشیان، ئەم پرسەش پێویستی بە دابینکردنی زەمینەیەك هەیە، بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەو تاوانانە و ئەوانەشی هاوکاری و پشتگیری هێزە تیرۆریستەکان و تاوانەکانیان دەکەن، بدەنەوە.

بەم جۆرە ئەرکی راستەوخۆ و سەرەکی ئەوەیە کە وڵات لەو تیرۆریستانە پاك بکرێتەوە و هەموو ئەوانەی بە جیاوازیی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و فیکری و رۆشنبیرییەوە بە کۆیلە کراون، ئازاد بکرێن، ئەمەش ئەرکێك دەخاتە سەرشانی هێزە مەدەنییەکان و تەواوی ئەو هێزانەی بڕوایان بە پڕۆسەی گۆڕینی دیموکراتی هەیە، ئەو ئەرکەش خەباتێکی زۆر دژوارە لەسایەی ئەدای حکومەتێکدا کە تیایدا گەندەڵی گەیشتۆتە لوتکە و ئەو ئاستەی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی زۆر فاشیل دەستنیشان بکرێت.

## ● دروستکردنی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەبێ گەڕانەوە بۆ عێراق

ئەوەی ئاماژەمان پێکرد بارودۆخی راستەقینەی ئێستای عێراقە، هەر بۆیە خوێندنەوەی نێودەوڵەتی بۆ راستیی ئەم واقیعە، هەستکردن بوو بەوەی ئەم مەترسییە درێژدەبێتەوە بۆ مەترسییەك کە هەڕەشە لە هەردوو ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دەکات، بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بانگێشەی بۆ هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی کرد، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی بە خێرایی هۆکاری چارەسەرکردن و رووبەڕووبوونەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی کارە تیرۆریستییە کەڵەکەبووەکانی داعش بداتەوە، بۆیە لەم بارودۆخەدا هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە حکومەتی عێراقی نەبەست، لەبەر ئەوەی حکومەتی عێراق لە ئێستادا ئەو ئامادەباشییەی نییە کە بتوانێت ئەو ئەدایەی لێ چاوەڕوان بکرێت کە ئەو مەترسییە بڕەوێنێتەوە، بۆیە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەنگاوی بەرەو ئەوە هەڵگرت کە لەسەر بەرزترین ئاستی دەسەڵاتی نێودەوڵەتی کە خۆی لە ئەنجوومەنی ئاسایش دەبینێتەوە، هەردوو بڕیاری ٢١٧٠-٢١٧٨ دەربکات، کە ئەم دوو بڕیارە نەخشەی شەڕگەی دژی تیرۆریستان دیاری دەکات، بەڵام لەبەرامبەردا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەدایەکی بەرزی هەبوو کە توانی لەگەڵ شێوازەکانی پشتگیریی نێودەوڵەتی پشتگیرییەکانی تیرۆریستانی داعش رابگرێت. بەڵام هەتا ئێستاش ئەم مەترسییە بە بەهێزی بوونی هەیە، هۆکارەکەی دواکەوتنی تەواوکردنی پێکهێنانی حکومەتە بە تایبەتی لە بەرپرسیارێتییە سەربازی و ئەمنییەکاندا، هەروەها کۆبوونەوە لە دەوری گوتاری پشکداری و فەلسەفەی ژێرخانی مەزهەبی، لەمەش زیاتر هێواشی ئامادەکرنی هێزەکانی فیدڕاڵی و سەرقاڵکردنیان بە وردەکاریی هەندێك پرسەوە کە خزمەت بە ئامانجە سەرەکییەکە ناکات کە دەرکردنی تیرۆریستانی داعشە. لەبری ئەمە بێجگە لەو کێشانەی کە هانی میلیشیاکان دەدەن بچنە بەرەکانی پێشەوە و لەناو شار و شەقامەکاندا بسووڕێنەوە، ئەمە لەکاتێکدا پێویستە ئەو میلیشیایانە نەهێڵدرێن و پرسەکە رووبەڕووی سوپای نیشتمانی بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، ئەمەش تەنها بەوەندە نا کە هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە بکەن، بەڵکو پێشمەرگە وەك بەشێکی سەرەکی بۆ ئەو سوپا نیشتمانییە بێت، بەڵام سەبارەت بە هەماهەنگی، ئەوا پێویستە ئەم سوپا نیشتمانییە راهێنراوە سەرکردایەتیی ئەرکەکانی هاوپەیمانی بکات و بیکاتە بەشێك لە ئامانجێکی نیشتمانی راشکاو. بەڵام لە کاتێکدا خۆببەستێتەوە بە قەدەر و خولانەوە لە فەلەکی ئەو ئەدا خراپەی رابردوویدا، ئەمە پەکخستنێکی ترسناکە و دەبێتە بەربەست و ئاستەنگ لە بەردەم کۆکردنەوەی توانا نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکە و هەلێکی دیکە بە هێزە تیرۆریستییەکان دەدات و هێزێکی دیکەی مرۆییان بۆ دابین دەکات، بەمەش ئەو هەلەی بۆ کۆتایی هاتنی تیرۆریستان لەئارادایە ئاڵۆز و مەحاڵ دەبێت، ئەمە ئەگەر ئەوەش لەبەر چاو نەگرین کە تیرۆریستانی داعش بە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بە شێوازی فەرمی و نافەرمی پشتگیری دەکرێن، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی تواناکانیان زیاتر بێت و زیاتر پێشڕەوی بکەن و خاکی زیاتر کۆنترۆڵ بکەن.

لە بەرامبەردا پێویستە عێراقییەکان و هێزە نیشتمانییەکان بە جددی خەباتیان بە ئاراستەی بەکردەنی خەباتی نیشتمانی دووپات بکەنەوە، بۆ ئەوەی حکومەت ناچار بکەن داواکاریی عێراقییەکان جێبەجێ بکات، دیارە گرنگترین ئەو شتانەی لەم خەباتەی هێزە مەدەنی و دیموکراسییەکان چاوەڕوان دەکرێن بریتین لە:

١. وێناکردنی دیدێکی نیشتمانیی سەرتاسەری بۆ رووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، کە گوتارگەلی سیاسی و رۆشنبیری و پڕۆژەگەلی ئابووری - کۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی مەدەنی لەخۆ بگرێت، ئەویش بە

**ئەوەی بارودۆخێکی خراپتری خوڵقاند کشانەوەی هێزەکان بوو لەو ناوچانە، هێزێک بە قەوارەی زیاتر لە ٨٥ هەزار سەرباز بە هەموو چەک و تەقەمەنی و ئامێر و کەلوپەلی سەربازییەوە بەجێهێڵرا و کەوتە دەستی تیرۆریستان**

**لەم بارودۆخەدا هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بە حکومەتی عێراقی نەبەست، چونکە لە ئێستادا ئەو ئامادەباشییەی نییە کە بتوانێت ئەو ئەدایەی لێ چاوەڕوان بکرێت مەترسییەکە بڕەوێنێتەوە**



دەستپێکردنی پرۆژەکان لەسەر بنەمای بەرنامە بۆدارێژراوی دروست کە چارەسەری بێکاری و قەیرانی هەژاری بکات، هەروەها بنیادنانی کوالیتییانەی هێزی چەکدار لە بواری سەربازی و ئەمنیدا، واتا بنیادنانەوەی پێکهاتەکانی سوپاو مەشق و پڕچەککردنی بە باوەڕێکی دروستی سەربازیی نیشتمانی و دوور لە تایفەگەری و رەگەزپەرستی، هەروەها پرەنسیپی رێزلێنانی لێهاتووەکان و سزادانی کەمتەرخەم و گەندەڵکاران.

٢. پابەندبوون بە ناسنامەی نیشتمانی و بەهێزکردنی یەکێتی نێوان هێزەکانی گەل و سەرکردایەتییەکانی لەشەڕی دژ بە داعش، ئەویش بە کۆتایی هێنانی هەموو شێوەکانی گوتاری تایفەگەری و ئەدای چالاکی و هێزەکانی.

٣. پابەندبوونی جددییانەی بەرپرسیارانە بە کاراکردنی گیانی ئەرێنیی بزاوتی نیشتمانی و لەناوبردنی حاڵەتەکانی سەرهەڵدانی نائومێدی و تێکشکاوی، ئەمەش بە رووبەڕووبوونەوەی شەڕی دەروونیی بەردەوام.

٤. بە هۆی لاوازیی ئەدای حکومەت وا پێویست دەکات کە بەشداریکردنی میللی و نوێنەرەکانی هێزە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کاراتر بکرێن لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نیشتمانی کە گوشار بخاتە سەر چوارچێوەکانی حکومیی دەوڵەت بە ئاراستەی داخوازییەکانی گەل و ئامانجەکانی لە دەرکردنی داعش و گێڕانەوەی سەقامگیری.

٥. چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەر دوو حکومەتی بەغداو هەولێر لەسەر بنەماکانی دەستوور و هەڵگرتنی هەموو شێوازێکی ئابڵوقە کە کاریگەری بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان هەیە، هەروەها دارشتنی پلان تاکو پێشمەرگە بخرێتە چوارچێوەی بنیادی سوپای عێراقەوە.

٦. یەکلایی کردنەوەی شەڕ پێویستی بە بزاوتێکی جددی هەیە لەسەر ئاستی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و کۆتاییهێنان بە سیاسەتی پەراوێزخستنی تایفەگەری و کارکردن بە ئاراستەی کۆتاییهێنان بەو مۆڵگەیانەی تیرۆر لە ئامێز دەگرن، هەروەها وشککردنی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکانی تیرۆر.

٧. گرتنەبەری رێکاریی سەرتاپاگیریی یاسادانان و جێبەجێکردن بۆ پێدانی ماف بە کۆمەڵگە لۆکاڵییەکان و بەدیهێنانی دادپەروەری و یەکسانی و کۆتاییهێنان بە گوتاری بانگەشەی بێ بنەماو قەڵاچۆکردنی گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

٨. کاراکردنی رێکارە دیاریکراوەکان بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش کە دەکارێ بە هۆیەوە سەرچاوەکانی کۆمەکە مرۆیی و داراییەکانی داعش و هێزە تیرۆریستەکانی هاوکاریان وشك بکرێن و کاربکرێت بۆ پەکخستنی هۆیەکانی راگەیاندن و رۆژنامە ئەلکترۆنییەکانی ئەو هێزە تاریکپەرستانە لەگەڵ پەرەپێدان و بەهێزکردنی بەرنامە عێراقییەکان.

٩. چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاوارەبوون و کۆچباربوون کە بە شێوەیەك زیادی کردووە، وا پێویست دەکات هەموو هەوڵە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکان بەم لایەدا پەلکێش

**چارەسەرەکان پێویستیان بە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی هەیە لەوانەش بوونی هێزێکی زەمینی نێودەوڵەتی کە زۆر پێویستە پەلەی لێ بکرێت، چ بە کاروباری مەشق، یان بە کاروبارێکی زیاتر کاراتر**

بكرێن، سەرەڕای ئەولەوییەت لە هەوڵەكانی حكومەتی عێراق و لایەنە فیدراڵی و نیشتمانییەكان لە سەرتاسەری عێراق، لەوانەش دامەزراندنی ئەنجوومەنێكی نیشتمانی بۆ ئەم كێشە زیندووە.

لێرەدا پێویستە ئەو ڕاستییە جەوهەرییە بەبیر بێنینەوە كە بریتییە لەوەی دوو ملیۆن پەنابەر و كۆچبار لە ساڵی ٢٠١٣ و دوای ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ژمارەیان گەیشتە پێنج ملیۆن كەس، دیارە ئەوان ناتوانن هەر لە چاوەڕوانی دامەزراندنی حكومەتێك و گۆڕینی پێكهاتەو بەرنامەكەیدا بن لە تایفەگەرییەكی ناتەندروستەوە بە هەموو كەموكوڕییەكانیەوە بۆ حكومەتێكی نیشتمانیی تەندروست، بۆیە چارەسەرەكان پێویستیان بە پاڵپشتیی نێودەوڵەتی هەیە، لەوانەش بوونی هێزێكی زەمینی نێودەوڵەتی كە زۆر پێویستە بە گوتەی شارەزایانی سەربازی كە پەلەی لێ بكرێت، چ بە كاروباری مەشق، یان بە كاروبارێكی كاراتر لەگەڵ ڕەوشی مەیدانی و پابەندبوون بە دەستەبەركردنی، لە هەمان كاتیشدا پشتیوانییەكی فەرمیی نێودەوڵەتیی لە ڕێی ئەنجوومەنی ئاسایشەوە، بەپێی چەند ئاراستەیەكی دیاریكراو كە لەگەڵ ئەجێندای نیشتمانیی عێراقی كۆك بن، بەڵام وەستان دژی هەموو داوایەكی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی لەسەر حیسابی لەدەستدانی زیاتری خاك دەوەستێت كە لە بەرژەوەندیی هێزەكانی تیرۆردا بێت، تا داگیری بكەن، دیسان لەسەر حیسابی چارەنووسی ملیۆنەها عێراقیی كارەساتبار دەبێت.

پاكانەكردن بۆ ڕەتكردنەوەی داواكردنی هێزەكانی زەمینیی بیانی بە پاساوی ئەوەی هەڕەشەن بۆ سەر سەروەریی نیشتمان، ئەو ڕاستییەی سەروەرییە تێدەپەڕێنێت و لە لۆژیكی جیهانگەرایی و كاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەچێتە دەرەوە، هەروەها درێژكردنی بە ئاشكرا و بە نهێنیی پەنجەدەستی بیانی گوزارشتە لە یەكڕیزییەكانی ناوخۆ و ئیقلیمی و دەرەكی بەوەی كە ئەو یەكڕیزییە زۆرجار لەسەر یەكنەگرتنەوە لەگەڵ سەروەریی نیشتمانی دروست دەبێت، لە كاتێكدا داواكاری بوونی هێزی نێونەتەوەیی بەهەمان ئاراستە نابێت، ئەگەر بە ڕێككەوتنی دیاریكراوی پێشوەختە بێت كە بە شێواز و مەرج بێت كە گوزارشت لە ئەجێندای نیشتمانی بكات، هەوەها نەخشەی جیۆسیاسیی ناوچەكە ئەمڕۆ زیاتر روون بۆتەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو یەكڕیزییە ئەگەر نەڵێین ئەو هاوپەیمانێتییەی بە كردەنی هەیە.

بێسوودە ئەوەی قومار بە چارەنووسی داگیركراوان دەكات لە بازاڕی چەپەڵی تیرۆریستان كە باس لە سەروەریی نیشتمانی دەكات، هەروەها قسەكردن لەسەر فاكتەری خودی كە ئەمڕۆ دەستەبەر نییە، مەگەر ئەوەی لە داهاتوودا ڕوودەدات نەك ئەوەی كە ئەمڕۆ هەیە، بۆیە گوتاری ڕەتكردنەوەی پاڵپشتیی نێودەوڵەتی بوونی فاكتەری خودی بە شێوەی ئیدیعا و خۆدەرخستن قەبەتر دەكات، بەپێچەوانەی لەرزۆكیی كە ئەو بوونەیە واقیع بە درێژایی ساڵانی دوایی تا بە ئەمڕۆ دەگات، ڕاستییەكەی ریسوا كردووە. بۆیە لێرەدا دەگوترێت كە هەڵوێست وەرگرتن لە پاڵپشتیی هێزی زەمینی تەنیا خۆ بە بەرز زانینی سیاسی و ڕادیكاڵییە و هیچ سوودێكی لێ ناكەوێتەوە، بۆیە پێویستە ئەو ڕاستییە بڵێین كە یەكەم شەڕ لەگەڵ داعشدا شەڕی تێكشكاندنی توانای پێكهاتەی دامەزراوەیی سیستماتیكە كە ئەمەش ئەركی هێزەكانی زەمینیی ئامادە و شارەزایە لە شەڕی ڕێكخراودا، بەم پێیەش پێشڕەوەیی خێراو یەكلاكەرەوە بەدەست دێنێت. پێویستە بیر لەو ڕاستییە بكرێتەوە كە ڕەتكردنەوەی پەنابردنەبەر هێزی زەمینیی بیانی لەلایەن حكومەتی عێراقی فیدڕاڵەوە لە ڕوانگەی پرەنسیپی نیشتمانییەوە نییە، بە قەدەر ئەوەی بۆ چەند هەڵوێستێك دەگەڕێتەوە كە لەگەڵ دید و تێڕوانینی خودی مەرجەعگەلی ئیقلیمی یەك دەگرێتەوە.

لەبەر ئەوە چارەسەری ریشەیی كێشەكانی وڵات بەوە دەبێت كە واز لە پەیڕەوی پشكایەتیی تایفەگەری بهێنرێت و پشت ببەسترێت بە پرەنسیپی هاووڵاتیبوون و یەكسانی و بەدیهێنانی دادپەروەری و داخوازییەكانی گەل و رزگاربوون لەو كێشەو قەیرانانەی تێی كەوتووە، ئەویش بە بنیادنانی دەوڵەتی مەدەنی و دیموكراسی و تەواوكردنی دامەزراوەكانی و جێبەجێكردنی ڕێككەوتننامە سیاسییەكان و ئەوانەی كە نەخشەی ڕێگەی بەهێزكردنی بنیادنانی دەوڵەتی مەدەنییان كێشاوە، دیارە لێرەدا جەخت دەكەینەوە لەسەر گرنكیی ئامادەباشیی بۆ قۆناغی بنیادنان بەو ناوەی كە ڕەهەندی ستراتیژیی دواترە كە پێویستمانە بۆ وێناكردنی وردەكاری و سەرجەم تەوەرە سەرەكییەكان، هەروەها دووپاتی دەكەینەوە كە ئەمە بە زەبری خۆسازدانی هێزە مەدەنی و دیموكراسییەكان دێتەدی بە زیاتر گوشارخستنە سەر حكومەت لە لایەك و بۆ سەر هێزە سیاسییەكان كە كاروباری وڵاتیان بەدەستە لەلایەكی دیكەوە، بە ڕێگەیەكی ئەوتۆ كە پێویستی دەبێت بە هەمواركردنەوەی لۆژیكی تایەفی بە لۆژیكی زانستیی عەقڵ، هەروەها بە بابەتكردنی هەڵوێستی نیشتمانی و دیموكراسی و فیدڕاڵی كە داخوازییەكانی سەرجەم پێكهاتەكانی گەل بەدی بێنێت.

**✱ توێژەری ئەكادیمی زانستە سیاسیەكان و سەرۆكی زانكۆی ئیبن روشد لە دانیمارك**

**چەكدارە تیرۆریستەكانی داعش ئەو بارودۆخە لەبەر یەكهەڵوەشاوە سەرتاسەرییەی دەوڵەتی عێراقیان قۆستەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی تاوانكاری و دڕندانەی خۆیان بسەپێنن و بەشێوەیەكی تەواو لە پارێزگاكانی دیكەی بكەن**

**پاكانەكردن بۆ ڕەتكردنەوەی داواكردنی هێزەكانی زەمینیی بیانی بە پاساوی ئەوەی هەڕەشەن بۆ سەر سەروەریی نیشتمان، ئەو ڕاستییەی سەروەرییە تێدەپەڕێنێت و لە لۆژیكی جیهانگەرایی و كاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەچێتە دەرەوە**

**چارەسەری ریشەیی كێشەكانی وڵات بەوە دەبێت كە واز لە پەیڕەوی پشكایەتیی تایفەگەری بهێندرێت و پشت ببەسترێت بە پرەنسیپی هاووڵاتیبوون و یەكسانی و بەدیهێنانی دادپەروەری و داخوازییەكانی گەل**



سالح قەلاب ڕۆژنامەنووس و سیاسەتمەداری ئوردنی بۆ گوڵان:

# تەنها بە سەرۆکایەتی مسعود بارزانی و هێزی پێشمەرگە، تیرۆریستانی داعش تێکدەشکێندرێن

**ساڵح قەلاب یەکێك لە نووسەر و رۆژنامەنووسە دیارەکانی عەرەبە و بەردەوام نووسینەکانی لە رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی چاپی لەندەن بڵاو دەبێتەوە. ئەو کەسایەتییە ماوەیەك لە حکومەتی ئوردنی وەزیر بووە، ماوەیەکیش راوێژکاری شا عەبدوڵڵای پادشای شانشینی ئوردنی هاشمی بووە. قەلاب وەك شرۆڤەوان و نووسەری سیاسی لە دەرەوەی سیاسەتی عەرەبی و نێودەوڵەتی، بایەخێکی زۆری بە کورد و سیاسەتەکەی داوە و چەند جارێك سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە. لە سەر رەوشی ئێستای ناوچەکە و مەترسیەکانی داعش و رۆڵی پێشمەرگە لەم شەڕەدا، پەیامنێری گوڵان لە عەمانی پایتەختی ئوردن، ئەم دیمانەی لەگەڵ ئەنجامداوە.**

**گوڵان ـ عەمان**

***خوێندنەوەتان بۆ سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆك وەزیرانی عێراق بۆ ئوردن چییە و بۆچی لەم کاتەدا سەردانی ئەو وڵاتەی کرد؟**

- بەڕێز حەیدەر عەبادی لە دوای ئەوەی پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراقی وەرگرتووە، بە نیازە سەردانی زۆر وڵات بکات، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی مالکیدا پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ زۆربەی دەوڵەتانی ناوچەکە بێجگە لە ئێران تا رادەیەك خاو بوو، بۆیە عەبادی حەز دەکات لە سەردەمی خۆیدا پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا بەهێز بکات، دوای ئێرانیش هاتە ئوردن، بە حوکمی پەیوەندیی کۆن، چونکە لێرە رەوەندێکی زۆری عێراقی هەیە، لێرە باس لە پەیوەندییەکان و بەرنامەی حکومەتەکەی کرا لە بواری ئەمنی و ئابووری، ئێمەش زیاتر حەزمان بە ناسینی بەرنامەکەی دەکرد و سەرنج و تێبینی خۆیشمان هەبوو، باسی ئەوەشمان کرد کە لە سەردەمی مالیکی هەمیشە رەوشی ئەمنی لەقی و پشێویی پێوە دیار بوو، چونکە ئەم لایەنە پەیوەستە بە سەقامگیریی ئەمنیی سەرجەم ناوچەکە، هەروەها بە پێویستمان زانی عێراق چاو بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا بخشێنێتەوە، سەبارەت بە ئێرانیش ئێمە لاریمان لە بوونی پەیوەندیی لەگەڵ عێراقدا نییە، بەڵام نەك لەسەر حیسابی بەرژەوەندیی وڵاتان و خەڵکی دیکە بێت، دیارە مەبەستم لە خەڵکی دیکە ئەو عەشیرەتە عەرەبە سوننانەیە کە لە سەر سنوورن و ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیە و ناکرێ دژایەتی ئەوانە بکرێ.

*** پرسیارەکەمان لەسەر داعشە، ئەم رێکخراوە چۆن سەری هەڵدا و بەچ شێوەیەك گەیشتە ئەم ئاستەی ئێستا و تا چەند بۆ سەر هەموولایەك مەترسی دروست دەکات؟**

- داعش لە ئەلقاعیدەوە هات، لە عێراق سەرەتا زەرقاوی بوو، دواتر ئەبوبەکر بەغدادی دەرکەوت کە وەك پیاوی زەرقاوی کاری دەکرد، ئەوان ماوەیەك دژایەتی سوپای ئەمریکایان کرد، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، دواتر توانییان چەند ئەفسەرێکی سوپای پێشووی عێراق بۆ لای خۆیان راکێشن و بەو شێوەیە هێزیان زیادی کرد، بەڵام هیچ بیر و بۆچوونێکی دیاریکراویان نییە و نازانن چۆن رەفتار دەکەن. داعش لە عێراق سەری هەڵدا و دروست بوو، ئەوان بە شێوەیەکی رێکخراو شەڕ دەکەن، بۆ زانیاریتان لە ٢٠ فەرماندەی دەستەی ئەرکانی داعش ١٩ یان لە گەورە ئەفسەرانی ئەرکانی سوپای پێشووی عێراقن و تەنیا یەك ژەنەڕاڵیان خەڵکی سوورییایە، جاری یەکەم تیرۆر لە سووریا سەری هەڵداو

دەیانویست ئەمریکا لە قوڕەکەی عێراق هەڵسوون، بۆیە چەندین کردەوەی تیرۆریستی ئەنجامدرا و دەستی موخابەراتی سووریای لەپشت بوو، لەوانە لێدانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی دەرەوە، دواتر لە نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی سکاڵایان لەسەر بەشار ئەسەد تۆمارکرد، ئینجا هەرچی زیندانی هەبوون ناردنیە ناو بەرەی نوسرە و داعش تاکو بە خەڵکەکە بڵێت ئەوە شۆڕش نییە لە سووریا من بەرهەڵستیی تیرۆریستان دەکەم، هەروەها بۆ ئەوەی پشتیوانی و رای عەلەوییەکان زیاتر بۆ لای خۆی رابکێشێت، ژمارەیەکی زۆریانی چەکدار کرد و عەلەوییەکانیش تا ئێستا پتر لە ٦٠ هەزار کوژراو و ١٧٠ هەزار برینداریان هەبووە، ئێستاش داعش لە زۆر ناوچەی وەك حمس و حەسەکە و دێرزور نەوت دەردەهێنێت و بە خودی رژێمی سووریای دەفرۆشێتەوە، بۆیە داعش وەك دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی لێهاتووە.

*** لە چەند رۆژی رابردوو هێزی پێشمەرگە بەناو خاکی تورکیادا چووە کۆبانێ، چۆن سەیری ئەو رووداوە مێژووییە دەکەیت؟**

- بەر لە هەموو شتێك دەبێت ئەو پرسیارە بکەم؟ ئایا چ هێزێك دەتوانێت داعش لەناو بەرێت؟ بێگومان هێزی پێشمەرگە، بۆیەش پێشمەرگە وەك پێشەنگی هێز لەبەرامبەر تیرۆریستانی داعش دەرکەوتوون، ئێستاش کە تورکیا رێگەی داوە پێشمەرگە بەناو خاکەکەیدا بچێتە کۆبانێ هۆکارەکەی ئەوەیە. بەڵام هەتا ئێستا تورکیا لە پارتی یەکێتی دیموکراتی( پەیەدە) ی سەر بە ساڵح موسلم دڵنیا نییە، لەبەر ئەوەی حکومەتی تورکیا پەیەدە وەك بەشێك لە پەکەکە سەیر دەکات، بۆیە لە روانگەی تورکیاوە ئەگەر چەك بدرێتە پەیەدە، گرفت بۆ تورکیا دروست دەکەن، لەبەرامبەردا تورکیا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەڕێز مسعود بارزانی دڵنیان و متمانەی پێدەکەن، کە فەرماندەی هەموو پێشمەرگەکانە، بۆیە تورکیا رێگەی دا پێشمەرگە وەك هێزێکی پێشەنگ بەرەو کۆبانێ بڕوات، لێرەدا دەخوازم بە راشکاوی بڵێم، بەڕێز مسعود بارزانی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی جێگەی متمانە و رێزی هەموو لایەکە و کەسیش ناتوانێت نکۆڵی لەم راستییە بکات، تەنیا ئەگەر یەکێکی گێرەشێوێن و بێ نەژاد و بەد نمەك خۆی لە ئاست ئەم راستییە گێل بکات، بۆیە ئەو بە سەرۆك و کەسایەتییەکی سەرکەوتوو دەژمێردرێت. ئەم قەیرانەش بەوە چارەسەر دەکرێت، کە بەر لە هەموو شتێك بارودۆخی ئەمنی و ئابووریی عێراق چاك بکرێت و چەکی تەواو بە پێشمەرگە بدرێت و سوپای ئازادیش لە سووریا چەکدار بکرێت، دواتر زۆر پێویستە هێزی زەمینی بێتە ناو شەڕەکەوە، چونکە هەرگیز بۆردومانی ئاسمانی بە تەنیا هیچ شەڕێکی یەکلایی نەکردۆتەوە.

*** بێدەنگی و نەجووڵانی تورکیا لەبەرامبەر تیرۆریستانی داعش هەندێك گومانی دروستکرد، پاشان دەگوترا تورکیا لەبەر پەکەکە پشتگیری کۆبانێ ناکات، لەوبارەیەوە راتان چییە؟**

- مەسەلەی داعش و تورکیا پەیوەندی بە پەکەکەوە نییە، تورکیا پێشتر چاوپۆشیی دەکرد لە خەڵکێك کە لە ئەوروپاوە دەهاتن و خۆبەخش بوون و دەچوونە دەوڵەتە عەرەبییەکان، وای دەزانی ئەوانە مەترسی نین و دەچن شەڕی رژێمی سووریا دەکەن، لە راستیدا وا نییە، لە قۆناغێکدا تەنگەتاویان کردبوون، بۆیە دواتر قەدەغەیان کردن، رای جیاوازیش لەسەر ئەمە هەیە، بۆ نموونە من رام جیاوازە لەگەڵ تورك، ئەو دەوڵەتە مەزنەی تورکیا ناکرێ تێکەڵ بکرێت بە پەیوەندیی ئیخوان موسلمین لەگەڵ سەرۆك رەجەب تەیب ئەردۆغان.

*** چۆن دەڕوانیتە رەوشی ئێستای عێراق و پێتوایە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات؟**

- لە ئێستای عێراقدا گرفتی گەورەو مەترسیداری ئەمنی لە ئارادایە کە بریتییە لە مەترسی تیرۆریستانی داعش، ئەو ژینگەیەش کە داعشی لەئامێز گرت، ژینگەی ناوچەکانی عەرەبی سوننە بوو، دروستبوونی ئەم ژینگەش کاردانەوە بوو بەرامبەر لێدانی عەرەبی سوننە لە عێراقدا، لە راستیدا مەبەستەکە لێدانی عەرەبی سوننە بوو، چونکە دوای رووخانی رژێمی سەدام حوسێن، بریمەر و دەسەڵاتدارانی تازەی عێراق رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە لە عێراق هەم سەرکەوتوو هەم شکستخواردوو هەیە، بەڵام حکومەتی نوێی عێراق هەموو عەرەبی سوننەیان بەوە لەقەڵەم دا کە دارودەستەی سەدام حوسێنن و دەستدرێژیی زۆریان کردەسەریان، سوننەی عێراق لە سەردەمی مالیکی ئەوەندە چەوسێنرانەوە تا بووە هۆی هێنانەکایەی ژینگەیەك بۆ لەئامێزگرتنی داعش. ئەو سوپایەی عێراقیش کە پێشتر هەبوو، هەڵوەشێنرایەوە، کە ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، چونکە لە چەندین دەوڵەت کە رژێمەکانیان گۆڕدراون، بەڵام سوپاکانیان هەرماون. لە ئێستاشدا گەرچی بۆچوون و ئاراستەیەك لە ئارادایە بەوەی حکومەتی عێراق دەیەوێت لەو هەڵانە دووربکەوێتەوەو دووبارەی نەکاتەوە، بەڵام تا ئێستا نازانین چۆنە، ئێستا زۆر دۆسیێ ئەمنی و سەربازی دراونەتە دەست میلیشیاکانی شیعە، کە ئەمە وا دەکات

**بەڕێز مسعود بارزانی لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی جێگەی متمانە و رێزی هەموو لایەکە و کەسیش ناتوانێت نکۆڵی لەم راستییە بکات، تەنیا ئەگەر یەکێکی گێرەشێوێن و بێ نەژاد و بەد نمەک خۆی لە ئاست ئەم راستییە گێل بکات**

**لە ٢٠ فەرماندەی دەستەی ئەرکانی داعش ١٩ یان لە گەورە ئەفسەرانی ئەرکانی سوپای پێشووی عێراقن و تەنیا یەک ژەنەراڵیان خەڵکی سووریایە**

داعش ئەو هەلە بقۆزێتەوەو هەندێ کەس کە خۆیان بە ستەملێکراو دەزانن، قایل بکات و بیانکاتە چەکداری خۆی و ئێستا بوونەتە مەترسییەکی نێودەوڵەتی.

*** کەواتە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش لەم قۆناغە پڕ مەترسییەی ئێستادا دەبێت چی بکرێت؟**

- من پێشتر ئاماژەم بەوە کرد، دوای رووخانی رژێمی بەعس بە شێوەیەك عەرەبی سوننە تاوانبارکران، وەك بڵێیت هەموویان پیاوی سەدام حوسێنن، بەڵام ئەوەندەی سەدام سەرکردەی عەرەبی سوننەی کوشتووە، ئەوەندە سەرکردەی شیعە نەکوژراون، بە بیرتان دێت ساڵی ١٩٧٩ کە ژمارەیەکی زۆری لە سەرکردەکان لەسێدارەدا کە زۆربەیان سوننە بوون، بۆیە برێمەر هەڵەیەکی کوشندەی ئەنجام دا کاتێ سوپای عێراقی هەڵوەشاندەوە، هەر ئەوە زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی تایفەگەری خۆش کرد کە لە ئەنجامدا ئێران دەستێوەردانی لە عێراق دەست پێکرد، بۆیە دەبینین ئێستا فەرماندەیەکی سەربازی ئێرانی سەرکردایەتیی سوپای عێراق دەکات، لە کاتێکدا کە سوپای پێشوو بە باشترین سوپای جیهان دەژمێردراو ئەفسەرەکانی شارەزا بوون لە دەوڵەتانی پێشکەوتووی جیهان بۆ نموونە لە رووسیا مەشقیان پێکرا بوو، ئێمە پێمان خۆشە ئێران وەك دەوڵەتێکی دراوسێ پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئێمە و عێراق هەبێت، نەك دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی عێراق کە تەنانەت کاریگەریی بۆ سەر هەرێمی کوردستانیش دەبێت.

*** وەك رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدارێکی ناسراو ئاگاداری ناوچەکەی بۆیە رەنگە ئەوەت بیستبێت کە وڵاتانی عەرەبی لە کەنداو، وەك قەتەر و سعودیە و ئیمارات بە پشتیوانیکردن لە داعش تۆمەتبار دەکرێن، ئەوە تا چەند راستە؟**

- ئەمە وا نییە، رەنگە لەسەر ئاستی تاکەکەس وابێت، با بڵێین کەسێك بە ١٠ ملیۆن و ٢٠ ملیۆن دینار یان دۆلار یارمەتی داعش بدەن، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئەو سوپاو هێزەی داعش بتوانێت لەشەڕ بەردەوام بێت، دەوڵەتێکی وەك سعودیە ئەلقاعیدە و داعش بە دوژمنی خۆی لە قەڵەم دەدات، چونکە ترسی لەوە هەیە بکرێتە ئامانجی تیرۆریستان، سەبارەت قەتەر لە سەرەتادا کەسانێك هەبوون یارمەتی بەرەی نووسرەیان داوە لە سووریا، بۆیە من لەو باوەڕەدام کە لەسەر ئاستی دەوڵەت ئەمە نییە، رۆژانە داعش پتر لە ٢٠ ملیۆن دۆلاری دەست دەکەوێت، تەنیا لە فرۆشتنی نەوت لە بیرەکانی ژێر دەستی خۆی بایی ملیۆنێك دۆلار بەدەست دێنێت، بۆیە بە پارە دەتوانێت چەك بکڕێت، لە سەردەمی مالیکیدا چوار فیرقەی سەربازیی یەکسەر بە چەك و کەلوپەلەوە خۆیان بەدەستەوە دا و فەرماندەکانیان هەڵهاتن، یان پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێنا، ئەوان ئۆتۆمبیلی سەربازی و تانك و زرێپۆش و چەکی قورسیان بۆ داعش بەجێهێشت، تا ئێستاش سوپای عێراق نەیتوانیوە خۆی رێکبخاتەوە، هیواداریین بتوانێت جارێکی دیکە بە شێوەیەکی باشتر بنیادبنرێتەوە.

*** ئێستا قورسایی گەورە لەسەر هەرێمی کوردستانە، نزیکەی سێ ملیۆن ئاوارە روویان تێکردووەو هێزی پێشمەرگە بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر دژی داعش لە شەڕدایە، چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەو دۆخە هەیە؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم هەرێمی کوردستان دەرگا بەڕووی ئەو خەڵکە دابخات کە رووی تێدەکەن و زۆربەیان هەژارن و لەبەر خراپیی بارودۆخەکە هاتوون، بۆیە سەرکردایەتیی کورد لەم هەرێمە رێگەیان لێ ناگرێت، چونکە کورد هەر لە مێژوودا چەندین جار دووچاری دەربەدەری و ئاوارەیی شاخ و شاران بوونەتەوە، هاوکاری ئاوارەکانیش دەکەن، بەڵام ئەوانەی وەك پەنابەر روو لە کوردستان دەکەن، نازانرێت ئایا سەر بەکێن و پشتیوانی داعشن یان تیرۆریستن؟ سەبارەت بە پێشمەرگەش من دەڵێم هەرگیز پێشمەرگە ئامادە نەکرابوو تا بچێتە دەرەوەی هەرێم، سەردەمێك بە چەکی سووك چەکدار کرابوو، بەڵام دواتر بوو بە هێزێکی رێکوپێك و یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان کە دەتوانێت لە دەرەوە بەرگری بکات، وێڕای ئەوەی کە توانای پاراستنی سنووری هەرێمی کوردستانی هەیە، بۆیە من پێموایە پێشمەرگە لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، سەردەکەوێت.

*** رات چییە بەرامبەر ئەو هاوپەیمانێتییە نێودەوڵەتییەی کە لە ٦٠ دەوڵەت پێکهاتووە، هەروەها ئەو چەکانەی رەوانەی کۆبانێ دەکرێن؟**

- هەروەك دەزانن کۆبانێ شارێکی بچووکەو رەنگە دهۆك لەو گەورەتر بێت، ئەو شارە پتر لە ٤٥ رۆژە لە ئاسمانەوە بۆردومان دەکرێت، بەڵام هیچ ئەنجامێکی پێشکەوتووی لێ نەکەوتەوە، سەدام حوسێن کاتی خۆی لە حاجی ئۆمەران و لە شاخەکان هێزی پێشمەرگەی بۆردومان دەکردو نەیدەتوانی زیانیان پێ بگەیەنێت، بەڵام کە دەهاتە سەر هێزی زەمینی ئەو کاتە کاریگەریی هەبوو، بۆیە جارێکی دیکە دەڵێم: داعش کە چەکی چوار تیپی سەربازی عێراقی چنگ کەوت، هەر وا بە ئاسانی و بە زەبری هێزی ئاسمانی کۆتایی نایەت، ئەگەر هاوپەیمانان و عێراق بە هێزی زەمینی رووبەڕووی نەبنەوە.

**ئەم قەیرانەش بەوە چارەسەر دەکرێت، کە بەر لە هەموو شتێک بارودۆخی ئەمنی و ئابووریی عێراق چاک بکرێت و چەکی تەواو بە پێشمەرگە بدرێت**

**سوننەی عێراق لە سەردەمی مالیکی ئەوەندە چەوسێنرانەوە تا بووە هۆی هێنانەکایەی ژینگەیەک بۆ لەئامێزگرتنی داعش**

**لە سەردەمی مالیکیدا چوار فیرقەی سەربازیی یەکسەر بە چەک و کەلوپەلەوە خۆیان بەدەستەوە دا و فەرماندەکانیان هەڵهاتن**

# ئێمەو ناوچەکەو سیاسەتی نەفەسی درێژ



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

دیارە کە ئەمڕۆ بەبێ ویستی ئێمە و بەدەر لە دەسەڵاتی ئێمە، بارودۆخی ناوچەکە بە جۆرێك شێواوە، لەوە ناچێت لە هیچ سەردەمێکدا هاوکێشە سیاسییەکانی ئەم ناوچەیە هێندەی ئەمڕۆ ئاڵۆز و شێواو بووبن، جا ئەمەش دەرئەنجامی هەڵمەتی پشێوینانەوەی بنیاتنەرانە بێت، یان دەرهاوێشتەیەکی چاوەڕواننەکراو بووبێت، گرنگ ئەوەیە ئەم ناوچەیە روو لە گۆڕینی روخسارو ناوەڕۆکە، ئەم گۆڕانکارییەش راستە بە دەستی کورد نییە، بەڵام لەوانەیە بەدڵی کورد بێت، چونکە هەر گۆڕانکارییەك ئومێدی گەیشتنی زیاتری پێدەبەخشێت بۆ گەیشتن بەمافی زیاتر.

ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە کە بەرەی ئەمریکا و ئەوروپا نەخشەیەك دەکێشن و، بەرەی رووسیا و چین نەخشەیەکی دی دەکێشن، عێراقیش کە پێکهاتەکانی بە شێوەیەکی ئاسۆیی لە نێو خۆدا دابەش بوون، بە هەمان شێوەش بە سەر ئەم دوو بەرەیەدا دابەش بوون و، هەر لایەکیشیان پشتگیریی لە یەکێك لەم نەخشانە دەکەن. کاتێکیش کە پێکدادانی بەرژەوەندییەکانی ئەم دوو بەرەیە بەرۆکی بەرماڵی کورد دەگرێت، ئەوسا ناچار دەبێت کە بە ئاراستەیەك هەنگاو بنێیت و بێدەنگ نەبێت. بۆیە راستییان گوتووە کە زۆرجار لەوانەیە مێژوو هەمان سیاسەت بەرهەم بهێنێتەوە. رەنگە هەر لە بەر ئەمە بێت، شەڕی بەرژەوەندییەکانی ئەمڕۆی نێوان تورکیا و ئێران هەر لە شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانیی و سەفەوی بچێت، یان لە شەڕی نێوان رۆم و فارسی پێش زایینیش بچێت. کێشەکەش ئەوەیە کە ئەوە شەڕەکانی ئەوانە دێنە کوردستانەوە، نەك کوردستان چووبێتە شەڕەکانی ئەوانەوە، چونکە کوردستان زانیویەتی کە ئەگەر شەڕی فیلەکان لە سەر چیمەنی ئەودا بکرێت، ئەوا ئەوە کە زیانی لێدەکەوێت و چیمەنی ئەویشە کە دەپلیشێتەوە. بۆیە لێرەدا ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرنگە ئەوەیە کە :

یەکەم: یەکڕیزیی نەتەوەییمان بپارێزین، پێکەوە بین، لەیەکدی نزیك بین، کۆبین و پەرت نەبین، بۆ ئەمەش وا پێویست دەکات کە لە سەر ئاستەکانی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم و سەرۆکایەتی حزبە کوردستانییەکاندا، بەرچاوڕوونییەك هەبێت سەبارەت بە ئاراستەی رووداوەکان و، خۆ دوور بگرین لە (ستراتیژیەتی دوودڵیی)و ئامانجی ژمارە یەکمان و یەکەم ئامانجی خۆمان دیار بکەین، هەوڵەکانیشمان لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجە چڕ بکەینەوە، بە دۆزینەوەی رێگەیەك کە کەمترین زیانی هەبێت و، زۆرترین قازانجی بۆ کوردستان تێدا بێت .

دووەم: هەمووومان وەك کوردستانییان پێکەوە خۆمان لە تای تەرازووی براوەدا بدۆزینەوەو، گرەو لەسەر ئەسپی دۆڕاو نەکەین و، بەپێچەوانەی ئاراستەی تەوژمی گۆڕانکارییە جیهانییەکەوە مەلە نەکەین، لەم پێناوەشدا بە جیاوازی رەنگەکانەوە دەتوانین چەپکە گوڵی خەبات و تێکۆشان دروست بکەین.

سێیەم: ئاگادار بین کە پرسی یەکڕیزیی نێوخۆیی فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر هەوڵێکی نەیاران .

ئەزموونەکانی دوێنێ و راستییەکانی ئەمڕۆش هەر ئەوەمان پێدەڵێن کە سەرکەوتنەکانمان لە یەکڕیزیماندا بوون، شکستەکانیشمان لە پەرتەوازەییماندا بوون. بۆیە ئێمەی کوردستانیی کە یەك خاك و یەك زمان کۆمان دەکەنەوە، جێگەی خۆیەتی کە یەك بەرژەوەندیی نیشتمانی و یەك ئامانجی نەتەوەییش کۆمان بکەنەوە.

ئەمڕۆ ئەوەی لای ئێمە گرنگە ئەوەیە کە لەم ململانێ سیاسییەدا نەفەسمان درێژ بێت، چونکە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زیاتر و زیاتر بایەخی شوێن و پێگەی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچەکەو جیهان دەردەکەوێت، کە هەرێمی کوردستان وەك بەشێکی خاوەن تایبەتمەندێتیی لەم عێراقەدا لە توانایدایە یاریزانێکی سیاسیی کارا بێت و، دەستیشی هەبێت لە دروستکردنی بەشێکی ئەو ئایندەیەی کە نەخشەی بۆ دەکێشرێت لەناوچەکەدا، لەسەر بنەمای رێزگرتن لە سەروەریی و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی یەکدی، ئاشتەوایی و بنیاتنانی ئایندەیەکی گەش بۆ کوردو کوردستان.

# کۆبانێ
# نەک تەنها وەک سمبولێکی نەتەوەیی



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

لە کۆبانێ تا جەلەولا درێژترین بەرەی شەڕ لەدژی هێزەکانی داعش لەئارادایە. ئەم بەرەیە درێژترین بەرەی شەڕە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە ڕۆژگاری جەنگی یەکەمی جیهانەوەو بە بەراورد لە بەرەی جەنگی عێراق – ئێران و بەرەی هەموو جەنگەکانی نێوان عەرەب و ئیسرائیل درێژترە.

ئەگەرچی لە سەرەتادا بەرەی کۆبانێ بۆ کورد ڕوخسارێکی نەتەوەیی وەرگرتبوو کە ببووە سمبولی خۆڕاگریی کورد، بەڵام دواتر مەسەلەکە دوورابییەکی فرەڕەهەندتر و فرە دوورابییتری وەرگرت، تا ئەو ئەندازەیەی کە داگرتنی چەك بۆ کۆبانێ و زیادکردنی گورزە ئاسمانییەکان، بووە ئاماژەیەکی ڕوون بۆ هەڵوێستی توندوتۆڵی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەم بارەیەوە.

مەسەلەی پشتگیریکردنی کۆبانێ چەند دوورابییەکی سیاسی و سوپایی لانیکەم لە سێ لاوە وەرگرتووە. یەکەم: لەم ڕووەوە کە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی نایەوێ پاش گرتنی موسڵ و تکریت، هیچ دەرفەتێکی دی بۆ پڕۆپاگەندە و خۆهەڵکشان بۆ داعش بڕەخسێنێ، دووەم: لەو ڕووەوە کە بەردەوامبوونی شەڕی کۆبانێ ئەو تیۆرییەی بەدرۆ خستۆتەوە کە داعش بانگەشەی بۆ دەکرد، گوایە هیچ شوێنێك نییە خۆی لە بەردەم هێرش و پەلاماری داعشدا ڕابگرێ. سێیەم: هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی خۆڕاگریی کۆبانێی وەك بەڵگەی سەرکەوتوویی گورزە ئاسمانییەکان نیشان دەداو وەڵامی ئەو ڕەخنانەی پێ دەداتەوە کە ڕووبەڕووی واشنتۆن بوونەتەوە کە گوایە گورزە ئاسمانییەکان بەبێ هێرشی زەمینی هیچ کاریگەرییەکیان نابێ.

بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لە ڕووی سوپاییەوە کۆبانێ هێزێکی گەورەی داعشی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. ئەگەر لە ڕوانگەی ستراتیژی سوپاییەوە تەماشای مەسەلەکە بکرێ، بۆ داعش هەڵەیەکی گەورەیە کە ئەو هەموو هێزە بۆ گرتنی کۆبانێ کۆ بکاتەوە. سەرقاڵبوونی داعش بە (کۆبانێ)وە، بۆتە هۆی ئەوەی لەبەرەکانی دیکەوە هێز بۆ کۆبانێ ببا، کە لەبەرەنجامدا ئەم کارە بۆتە مایەی لاوازکردنی توانای هێزەکانی داعش لەبەرەکانی دیکەدا. هەر لەو ماوەیەدا کە تێیدا داعش بە کۆبانێوە سەرقاڵ بووە، لە چوار بەرەدا شکستی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە: لە ئامرلی لەبەردەم هێزەکانی عێراق و هێزی پێشمەرگەدا، لە ڕەبیعە لە بەردەم هێزی پێشمەرگە و هێزی خێڵی شممەردا، لە جورفی سەخر لە بەردەم هێزەکانی عێراقدا و لە زوممار لە بەردەم هێزی پێشمەرگەدا.

کۆبانێ بۆ داعش وەك تەڵەیەکی لێ هاتووە کە داعش نە دەتوانێ سەرکەوتنی تێدا بەدەست بێنێ و نە دەتوانێ وازی لێ بێنێ.

لە ڕووی میدیاییەوە، کۆبانێ بۆتە مایەی گۆڕینی وێنە کلاسیکییەکەی ئافرەتان لە ڕۆژهەڵاتدا. جیهانی ڕۆژئاوا سەرسامە بەو ڕۆڵەی کە ژنە شەڕڤانەکانی کۆبانێ لە بەرپەرچدانەوەی هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی داعشدا دەیگێڕن.

بەدڵنیاییەوە، کۆبانێ دەستێکی باڵای لە دروستکردنی ڕایەڵەی پەیوەندی لەنێوان کوردی سووریا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیدا هەیە. ئەم ڕایەڵەیەی پەیوەندی کە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر ڕەوتی جەنگی جیهانی دژ بەتیرۆر دەبێ، بناغەیەکیش بۆ درێژەپێدانی پەیوەندیی سیاسی، پاش کۆتایی هاتنی قەیرانی داعش، دادەڕێژێ کە تێیدا کورد دەستێکی باڵای لەسەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی بونیادی ناوچەکەدا دەبێ.

ژەنەڕاڵ چارلز دۆنلاب

ئەندامی بۆردی راوێژکاری نیوئەمریکان سیکیوریتی بۆ گوڵان:

# سەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆریستانی داعش گرنگییەکی بنەڕەتی بۆ ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە

**ژنەڕاڵ چارلز دۆنلاب، هەتا ساڵی ٢٠١٠ لە فەرماندەیی هێزی ئاسمانی ئەمریکا بووە و هاوکات پرۆفیسۆرە لە یاسا و لە دوای ساڵی ٢٠١٠ ـەوە گەڕاوەتەوە بۆ زانکۆی دیوک و ئێستا لەو زانکۆیە بەڕێوەبەری سەنتەری یاسا و ئەخلاق و ئاسایشی نیشتمانییە و لە هەمانکاتدا ئەندامی بۆردی راوێژکاری سەنتەری (نیوئەمریکان سیکیوریتی)ـە. ژنەڕاڵ دۆنلاب پسپۆڕ و شارەزایە لە بواری سیاسەتی بەرگری و ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا و بەتایبەتی پسپۆڕە لە سیاسەتی بەرگری لە عێراق و ئەفغانستان، زۆر جاریش بۆچوونەکانی لە رۆژنامەی واشنتۆن بڵاو دەکاتەوە و راستەوخۆش وەك خزمەتگوزاریی واشنتۆن پۆست بۆ رۆژنامەی شەرقولئەوسەت لەوێش بە عەرەبی بڵاودەکرێتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر دروستبوونی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش و بەشداری پێشمەرگە وەك هێزێکی زەمینی و سەرەکی، ئەم وتوێژەمان لەگەڵ ئەنجامداوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** هەتا ئێستا ئەمریکا لە ئاسمانەوە شەڕی تیرۆریستانی داعش دەکات، بەڵام شەڕی داعش لەسەر زەوی یەکلادەبێتەوە، نەك لە ئاسمانەوە، ئایا تاچەند پێویستە ئەمریکا هاوکارییەکانی بۆ ئەو هێزانە چڕ بکاتەوە کە بە کردەیی لەسەر زەوی شەڕی داعش دەکەن؟**

- هەروەك دەزانن ئەمریکا لە رێی گورزی ئاسمانییەوە پشتیوانی کردووە و، کۆنگرێسی ئەمریکاش مۆڵەتی داوە بە مەشقپێکردنی هێزەکانی دژ بە داعش لە سوریا. هەروەها ئەمریکا پشتیوانی بۆ هێزەکانی عێراقیش دەستەبەر دەکات. بەڵام من پێموایە پێویستە هێزە مەحەلییەکان بە هاوکاری ئەمریکا و وڵاتانی دیکە لەسەر ئەرزی واقیع شەڕ بکەن، ئەویش لە رێی هێزی ئاسمانی و هاوکاری لۆجیستی و هەروەها مەشق و راوێژکارییەوە. من نازانم تا چەند ئەمریکا لە رووی هێزی زەمینییەوە بەشداری دەکات، بەڵام پێموایە رەنگە تێڕوانینەکە ئەوە بێت کە هێزی ئاسمانی بەسە بۆ هاوکاریکردنی هێزە مەحەلییەکان لەسەر ئەرزی واقیع. رەنگە لە ئایندەدا پێویست بکات چەکی قورستر بۆ هێزە مەحەلییەکان دەستەبەر بکرێت، دیارە هێزی پێشمەرگەش یەکێکە لەو هێزانە.

**زۆر گرنگە ئەمریکا پشتیوانی کوردەکان بکات، لەبەر ئەوەی کوردەکان دۆست و دڵسۆزی ئەمریکا بوون**

**ڕەنگە لە ئاییندەدا پێویست بکات چەکی قورستر بۆ هێزەکانی سەرزەوی دەستەبەر بکرێت، دیارە هێزی پێشمەرگەش یەکێکە لەو هێزانە**

**تێکشکاندنی بە پەلەی داعش گرنگیی زۆری هەیە، چونکە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستە لە هەندێ شوێندا بەرهەڵستیەکی زۆر نابینێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە داعش زۆر درندانە هەر جۆرە موعارەزەیەک سەرکوت دەکات**

*** جیاوازی لە تێڕوانینی ئەندامانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش هەیە، بە چەشنێك ئەگەر سەرکەوتنەکە لە بەرژەوەندی ئەواندا نەبێت، ئەوا پشتیوانی شەڕەکە ناکەن، زەقترین نموونەی تورکیایە، کە تا ئێستاش بە کردەوە بەشداری شەڕی دژ بە داعشی نەکردووە، هەروەها وڵاتانی کەنداو و عێراق و ئێرانیش تێڕوانینی خۆیان بەرامبەر بە دەوڵەتی ئیسلامی داعش و ڕژێمی سوریا هەیە، کەواتە ئایا هاوپەیمانێتییەك ئەو هەموو بەرژەوەندییە جیاوازە لە خۆبگرێت، چۆن لە تێکشکاندنی ڕێکخراوێکی تیرۆریستی سەرکەوتوو دەبێت ؟**

- پێموایە پەنجەتان خستەسەر خاڵێکی زۆر گرنگ. بە پێی ئەو ئەزموونەی من هەمە، هەمیشە ئەوە حاڵەتەکە بووە کە لە ئۆپەراسیۆنەکانی هاوپەیمانێتییەکاندا حکومەتە جیاوازەکان تێڕوانینی جیاواز و بگرە ئەجێندای جیاوازیشیان هەبووە. ئەوەی گرنگییەکی سەرەکی هەیە بۆ سەرکەوتن، ئەوەیە هەرچییەك ئەم حکومەتە جیاوازانە ئامادەن ببیبەخشن بۆ سەرکەوتن بەدەستی بهێنێت، واتە یەکخستنی ئەو بەشانە و کۆکردنەوەیان لە هەوڵێکی کارای هاوپەیمانێتیدا. پێموایە ئێوە خاڵێکی باش دەورووژێنن بەوەی کە هەموو دەوڵەتێکی ئەندام لەم هاوپەیمانێتیەدا هەمان ئامانج یاخود هەمان ئیرادەی بەشداریکردنی نییە. بۆیە پێویستە ئەمریکا بەشداریی ئەو لایەنانە کۆبکاتەوە و بیانخاتە قاڵبێکی هەرەوەزییەوە کە بتوانێت سەرکەوتوو بێت. حاڵەتە میسالییەکە ئەوەیە هەموو کەس هەمان ئامانج و هەمان مەبەستی هەبێت، بەڵام ئەزموونی من ئەوەم پێ دەڵێت کە ئەمە لە هیچ هاوپەیمانێتییەك و لە هیچ شوێنێکدا ڕووی نەداوە. ڕەنگە ئەوە نائومێدکەر بێت، بەڵام دەبێت کارێك بکەین سەرکەوتوو بێت، لەسەر بنەمای واقیعی سیاسیی وڵاتە جیاوازەکانی هاوپەیمانێتییەکە.

*** کەواتە پێکهێنانی ئەم هاوپەیمانێتییە بە مانای کۆتاییهاتنی داعش نایەت؟**

- هیوادارم بە مانای کۆتاییهاتنی داعش بێت، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین ئەو هاوپەیمانێتییە تا چ ڕاددەیەك کارایە. هەروەك ئێوەش بە شێوەیەکی ڕاست و دروست ئاماژەتان پێکرد، مەرج نییە وڵاتە جیاوازەکان بە هەمان ئاست بەشداری بکەن. تەحەددییەکە ئەوەیە، هەر چییەك ئەم وڵاتانە ئامادەن ئەنجامی بدەن، پێکەوە یەکبخرێن بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت. دەکرێت ئەمە ئەنجام بدرێت، بەڵام زۆر زەحمەت و پڕ لە تەحەددی دەبێت و دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین لە مانگەکانی داهاتوودا تا چەند کارا دەبێت.

*** دابەشبوونێکی دیکە لە نێو وڵاتە عەرەبی و ئیسلامیەکانی ناوچەکەدا بەدی دەکرێت کە بریتییە لە دابەشبوونی تایەفەگەری لە نێوان شیعە و سوننەدا، لەلایەکی دیکەوە لەوە مەترسیدار دەبیستین کە ئیخوان موسلمین پشتیوانی داعش دەکات و ئەبوبەکر ئەلبەغدادیش پێشتر لە نێو ئیخواندا بووە، ئایا تا چ ڕاددەیەك ناوچەکە بەرەو شەڕێکی ئایینی دەڕوات بە چەشنی ئەوەی لە ئەوروپادا ڕوویدا؟**

- ئێوە دووبارە پرسیارێکی زۆر پڕبایەختان وورووژاند، هیچ گومانێك لای من نییە کە دابەشبوونی ئایینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا سەری کێشا بۆ ناکۆکی لە نێوان گرووپە تایەفەگەرییەکاندا. پێموایە زۆر زەحمەتە بۆ وڵاتە دەرەکییەکان، یان ئەمریکا و ئەوروپا بتوانن ئەو کێشانە چارەسەر بکەن، چونکە پێویستە ئەو کێشانە لەلایەن گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە چارەسەر بکرێن. دەبێت بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە هیچ کەسێك لەم توندوتیژی و شەڕە بەردەوامە قازانج ناکات، کاتێك دەگەنە ئەو دەرئەنجامە ئەوا ئامادە دەبن بۆ ئەوەی ڕێککەوتن لەگەڵ یەکدا بکەن و لە کۆمەڵگەیەکی فرەییدا بژین. ئێمە بەردەوام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توندوتیژیی سیاسی دەبینین، ئەمەش مایەی تراژیدیایە و ئەمریکا و هیچ وڵاتێکی دیکەی دەرەکیش ناتوانن تەنگژەی تایەفەگەری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چارەسەر بکەن. تەنها ئومێدی ئەوە دەکەین سەرکردایەتییەك لەم تایەفە ئیسلامییانە دروست بێت، کە ئامادەبن لەگەڵ یەکدا لە چوارچێوەی نەتەوەیەکدا کە فرەڕەنگە لە ڕووی بیروباوەڕی تایەفەگەرییەوە ڕێککەوتن بکەن و ڕێزگرتنی دوولایەنە هەبێت. بەڵام تاوەکو دەگەینە ئەو دۆخە، ئەوا توندوتیژی و نائارامی ناوخۆیی و ڕووداوی هاوشێوە دەبینین، ئێستا داعشە، بەڵام ڕەنگە لە ئاییندەدا شەڕێکی جیاوازتر ببینین. چارەسەرکردنی جیاوازییە تایەفەگەرییەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە بۆ هێنانەدی ئاشتی لە دوارۆژی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە.

*** ئەمریکا و ناتۆ زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێن ئەگەر حکومەتەکەی عەبادی هەڵەکانی حکومەتی مالیکی دووبارە نەکاتەوە، دەتوانێت شەڕی تیرۆریستانی داعش بکات، ئەویش بە مانای ئەوەی کە کێشەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات و لە حکومەتەکەیدا بەشداری بە سوننەکان بکات، ئایا حکومەتەکەی عەبادی دەتوانێت کێشەکانی لەگەڵ کورد چارەسەر بکات و بەشداری بە سوننەکان بکات؟ ئەگەر لەم دوو**

**ئەرکەدا شکستی هێنا، تا چەند دەبێتە هۆی سەرکەوتن بۆ تیرۆریستان و سوودی لێدەبینن؟**

- ئەوەی ئێوە دەیڵێن تەواو راست و دروستە و ناکرێت هەڵەکانی مالیکی دووبارە بکرێنەوە، بەڵام پێموایە عەبادی بەهۆی ئەو میراتەی کە حکومەتەکەی مالیکی بۆی بەجێهێشتووە لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە دووچاری زەحمەتی دەبێتەوە، بەڵام دەبێت ئەو کارە ئەنجام بدات و لەسەر بنەمای رێزگرتنی دوولایەنە گرووپە جیاوازەکانی عێراق یەکبخات، ئەگەرنا ناتوانن تەنانەت بە هاوکاری ئەمریکا و هاوکاری رۆژئاواش داعش تێکبشکێنن. واتە دەبێت خەڵکی عێراق پێکەوە کار بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەمە. من نیگەران دەبم کاتێك خەڵکانێك دەبینیم کە پێشبینی ئەوە دەکەن، تەنیا ئەمریکا دەتوانێت ئەوکێشەیە چارەسەر بکات. ئەمریکا دەتوانێت هاوکاری بکات، بەڵام دەبێت ئەم کارە لەلایەن خەڵکی عێراقەوە بکرێت. دەبێت هەر گرووپێك قوربانی بدات بە بەشێك لەوەی دەیەوێت، بۆ ئەوەی بەرەیەکی بەهێزی یەکگرتوو بۆ بەرهەڵستیکردنی داعش دروست بکەن. پێموایە ئەگەر حکومەتی نوێی عێراق نەتوانێت گرووپە جیاوازەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، ئەوا مایەی کارەسات دەبێت بۆ عێراق. پێموایە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە ئەویش ئەوەیە کە کورد و شیعە و سوننە لە بەرەیەکی یەکگرتوودا دژ بە داعش کۆبکرێنەوە و دەبێت هەر گرووپێکیش ئەو راستییەی لەبەرچاو بێت کە ناتوانێت هەموو داواکارییەکانی بەدەست بهێنێت. من نازانم ئایا ئەم حکومتە نوێیە دەتوانێت ئەمە بکات، یان نە، بەڵام دەزانم دەبوایە حکومەتەکەی مالیکی بڕۆیشتایە و حکومەتێکی نوێ بێتەئاراوە، ئومێدەکە ئەوەیە ئەم حکومەتە نوێیە لایەنەکان پێکەوە کۆبکاتەوە و بتوانن رێز لە یەکدی بگرن و لە بەرەیەکی یەکگرتوودا لە دژی داعش و تیرۆریستەکانی دیکە بوەستنەوە.

*** لە رووی ئەمری واقیعەوە دەوڵەتی ئیسلامی سنوورەکانی سڕیوەتەوە و عێراق کۆنترۆڵی نەماوە بەسەر سنوورەکانیدا، سوننەکانی عێراق و سوریاش ئەگەرچی رازی نین بە واقیعەکە، بەڵام کاردانەوەیەکی جددییان نەبووە لە ئاست دەوڵەتی ئیسلامیدا، لەلایەکی دیکەوە سنووری نێوان کوردی سوریا و کوردی عێراق بەرەو کاڵبوونەوە دەچن، پێشمەرگەی هەرێمی کوردستانیش بە فەرمی رەوانەی کۆبانێ کراون، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ نەخشە کۆنەکە، یاخود عێراق و سوریا بۆ چەند وڵاتێك دابەش دەبن؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە و بەڕاستی وەڵامدانەوەی قورسە. من تەنیا ئەوەندە دەڵێم کە هیچ وڵاتێك نییە دان بە خەلافەتی داعشدا بنێت، کەواتە نابێتە دەوڵەتێکی نوێ، هەرگیز ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی جیهان دانی پێدانا نانێن. بەڵام پرسیارەکەی ئێوە زیاتر لەوە دەڕوات، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی داعش تێکبشکێندرێت، ئەوا لەو پرۆسەیەدا گرووپی نوێ دروست دەبن. دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین ئایندە چی دەبێت، لەبەر ئەوەی راستییەکانی سەر ئەرزی واقیع رەنگە ئاماژە بە ئایندەیەکی جیاوازتر بکەن لەوەی کە لە رابردوودا هەمانبوو. من دەڵێم داعش نامێنێت، بەڵام زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکەین کە لە ئایندەدا چی سەرهەڵدەدات. من ناتوانم دەستبەری ئەوە بکەم کە بۆ نموونە، سنووری نێوان سوریا و عێراق وەك خۆی دەمێنێتەوە، یان ئەوەی لە ئێستادا وەك کوردستان راگەیاندراوە، لە ئایندەدا وەك خۆی دەمێنێتەوە، یان نا. بەڕاستی دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین، بەگشتی تێکشکاندنی بە پەلەی داعش گرنگیی زۆری هەیە، چونکە ئەو رێکخراوە تیرۆریستە لە هەندێ شوێندا بەرهەڵستیەکی زۆر نابینێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە داعش زۆر دڕندانە هەر جۆرە موعارەزەیەك سەرکوت دەکات. ئەوەی دەبێت بسەلمێنرێت ئەوەیە کە هێز لە ئارادایە، هێزە کوردی و هێزە عێراقییەکان و هاوپەیمانێتی و هێزی ئاسمانی ئەمریکا، ئەمە ئومێدێك بە خەڵك دەدات. چونکە من دەزانم هەزاران کەس کەوتوونەتە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش کە پشتیوانی داعش نین، بەڵام ترسێکی زۆریان هەیە و ناتوانن بەرهەڵستی بکەن و لە ئێستادا هیچ ئومێدێکیان نییە، لەبەر ئەوە پێویستە بە سەرکەوتنی سەربازی ئومێدێکیان پێ بدرێت و رزگار بکرێن.

*** چۆن لە هاوکاری ئەمریکا بۆ کورد دەڕوانیت؟**

- هێزە کوردییەکان توخمێکی زۆر گرنگن لە بەرهەڵستیکردنی تیرۆریستانی داعش و گرنگیەکی بنەڕەتییان بۆ ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. -بە دڵنیاییەوە من بە ناوی حکومەتی ئەمریکاوە قسە ناکەم-، بەڵام پێموایە زۆر گرنگە ئەمریکا پشتیوانی کورد بکات، لەبەر ئەوەی کورد دۆست و دڵسۆزی ئەمریکا بوون. پێویستە یارمەتییان بدەین لە بەرهەڵستیکردنی داعشدا. بە چەشنی هەر گرووپێکی دیکە، لە ناو کوردیشدا گرووپی جیاواز هەن. هەروەك ئێوە دەزانن، ئەمە رەوشێکی زۆر ئاڵۆزە، بەهۆی پەیوەندییەکانەوە لەگەڵ تورکیا، کە تورکیاش ئەندامی ناتۆیە، بەڵام پێموایە کورد و سەرکەوتنی پێشمەرگە و هێزە کوردییەکان بە تایبەتی، گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ ئایندەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**ناکرێت هەڵەکانی مالیکی دووبارە بکرێنەوە، بەڵام پێموایە عەبادی بەهۆی ئەو میراتەی کە حکومەتەکەی مالیکی بۆی بەجێهێشتووە لە هەنگاونان بەرەو پێشەوە دووچاری زەحمەتی دەبێتەوە**

**ئەگەر دەوڵەتی داعش تێکبشکێندرێت، ئەوا لەو پرۆسەیەدا گرووپی نوێ دروست دەبن. دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین ئایندە چی دەبێت، لەبەر ئەوەی راستییەکانی سەر ئەرزی واقیع رەنگە ئاماژە بە ئایندەیەکی جیاوازتر بکەن لەوەی کە لە رابردوودا هەمانبوو**

## پرۆفیسۆر بیڵ سماڵن

### بەڕێوەبەری دیراساتی ئاسایشی نیشتمانی لە زانکۆی ماکسیوڵ بۆ گوڵان:

# هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ پێشمەرگە سنووردارەو دەبێت فراوانتر بکرێت

**بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بەرەو کۆبانێ بڕیارێکی لۆژیکییانە بوو**

*** هەتا ئێستا ئەمریکا هاوکارییەکی سنوورداری هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردووە، ئایا ئەو هاریکارییانە بەشی ئەوە دەکات سەرکەوتنی گەورە بەسەر تیرۆریستانی داعش تۆمار بکرێت؟**


- ئەو هاوکارییەی لەلایەن ئەمریکاوە پێشکەشی هێزی پێشمەرگە کراوە، زۆر سنووردارە و هەر بەشی ئەوە دەکات کە ببێتە هۆی راگرتنی پێشڕەوییەکانی تیرۆریستانی داعش، بەڵام مەرج نیە ببێتە چارەسەرێك بۆ پاشەکشەپێکردنی داعش لەوەی نەتوانێت ئامانجەکانی لە کۆبانێ بەدەست بهێنێت. بۆیە لەم حاڵەتە دەبێت ئاستی هاریکارییەکان بۆ هیزەکانی سەر زەوی زیاتر بکرێت.

*** ئیدارەی سەرۆك ئۆباما زۆر جەخت لەسەر سەرکەوتنی حکومەتی عەبادی دەکاتەوەو ئاماژە بەوە دەکەن، ئەگەر ئەم حکومەتە سەرکەتوو بێت، ئەوا کورد و سوننە و شیعە دەتوانن لە یەك بەرەدا شەڕی تیرۆریستانی داعش بکەن، ئایا ئەمە لە حکومەتی بەغدا چاوەڕێ دەکرێت؟**

- لە ئێستادا حکومەتی عێراق توانای ئەوەی نییە ئاسایشی پێویست دابین بکات، نەك تەنها بۆ بەرگریکردن لە بەغدا، بەڵکو بۆ تێکشکاندنی داعشیش. پێویستە حکومەتی عێراق وەبەرهێنانی زیاتر بکات لە بواری ئاسایشدا و پێویستە بە خێرایی ئەم کارە بکات. ئەو کێشەیەی لە ماوەی خولی پێشووی مالیکدا هەبوو، لە پەیوەندی بە بایەخدان بە ئاسایش لە وڵاتەکەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو نەگۆڕاوە لەلایەن ئەم حکومەتە نوێیەوە. کەواتە کات گرنگیەکی بنەڕەتی هەیە بۆ باشترکردنی تواناکانیان.

*** لە رووی ئەمری واقیعەوە دەوڵەتی ئیسلامی سنوورەکانی سڕیوەتەوە و عێراق کۆنترۆڵی بەسەر سنوورەکانی سوننەکانی عێراق و سوریادا نەماوە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ نەخشە کۆنەکە، یاخود عێراق و سوریا بۆ چەند وڵاتێك دابەش دەبن؟**

- من متمانەم هەیە بەوەی دەتوانرێت داعش تێکبکشێندرێت و تێکیش دەشکێندرێت، هەروەها متمانەم هەیە بەوەی لە کۆتاییدا دۆخێکی ئاسایی بۆ عێراق دەگەڕێتەوە. بەڵام سوریا حاڵەتێکی جیاوازترە بەهۆی رژێمەکەی ئەسەد و بەهۆی ئەوەی ئامادە نییە گوێ بۆ گفتوگۆ و نیازی ئاشتیخوازانە بگرێت، کەواتە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژتر شەڕ لە سوریا بەردەوام دەبێت. بەڵام بەهۆی ئەو هێزە ئاگرینەی ئەمریکا و وڵاتانی دیکە لە دژی داعش دابینی دەکەن، ئەوا دەتوانن نەك هەر تەنها سستیان بکەین، بەڵکو پاشەکشەیان پێ



**پرۆفیسۆر بیل سماڵن تا ساڵی ۲۰۰۲ سەرۆکی ستافی نووسینگەی (کۆڵن پاوڵ)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە و ئێستا بەڕێوەبەری پرۆگرامەکانی دیراساتی ئاسایشی نیشتمانییە لە زانکۆی ماکسویل بۆ چۆنیەتی پێکەوە کارکردنی بەرپرسە سەربازی و مەدەنییەکان، بۆ قسەکردن سەبارەت بە هاوکارییەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ هێزی پێشمەرگە لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش و ئاسۆی سەرکەوتنەکان لەسەر زەوی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردووە و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

بکەن، بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون. متمانەم بەوە هەیە کە ئێمە بەسەر نیازەکانی ئەواندا زاڵ دەبین.

*** سەرەڕای هێرشە ئاسمانییەکان هێشتا داعش لە جموجوڵدایە لە کۆبانێ، ئایا پێویست ناکات هێزی زەمینی رەوانە بکرێت؟**

- بە ڕای من لە کۆتاییدا بەسەر داعشدا زاڵ دەبین، ئێمە راوێژکارمان ناردووە و بۆردومانە ئاسمانییەکانمان زیاتر کردووە، ئەو بۆردومانانەش زیاتر دەبن لە کاتێکدا کە داعش پێشڕەوی دەکات، بەڵام ئێمە لە کۆتاییدا زاڵ دەبین. لەمەش زیاتر بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ناردنی هێزی پێشمەرگە بەرەو کۆبانێ بڕیارێکی لۆژیکییانە بووە.

*** ئایا پێتوا نییە پێویستە لە ئێستادا هاوپەیمانان ستراتیژیەتی خۆیان بگۆڕن بۆ ئەوەی بەتەواوی بەسەر تیرۆریستاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنن؟**

- من ئومێدی ئەوەم نییە هاوپەیمانان سەرکەوتوو بن لە سوریا. هەروەها پێموا نییە هیچ بەدیلێکی دیکە هەبێت، جگە لەوەی ئێستا ئەنجامی دەدەین، ئێمە هێزی زەمینی رەوانە ناکەین و ئەوەی لێی بەردەوام دەبین بریتییە لە هێرشی ئاسمانی، بەڵام ناتوانین لە هەموو شوێنێکی سوریا ئەو هێرشانە بکەین کە پێویستیشن، ئەویش بەهۆی کێشەی بواری ئاسمانییەوە لە سوریا، کەواتە دەبێت وریا بین لەوەی فڕۆکەکانمان بۆ کوێ دەنێرین، لەبەر ئەوە لە پەیوەندی بە سوریاوە من گەشبین نیم.

*** چۆن لە بایەخدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە کوردستان دەڕوانیت، وەك سەردانی سەرۆکی فەڕەنسا و هاوکارییەکانی ئۆباما؟ ئایا ئەمریکا و ناتۆ دەتوانن وەك هێزی زەمینی پشت بە پێشمەرگە ببەستن؟**

- ئەوان دەبێت پشت بە پێشمە رگە ببەستن، بەڵام پێموایە زۆر زووە بۆ ئەوەی ئەوە دیاری بکەین کە ئەمە چۆن دەکەوێتەوە، من ئومێدەوارم کە هەوڵەکەیان سەرکەوتوو بێت.

**ئێمە راوێژکارمان ناردووە و بۆردومانە ئاسمانییەکانمان زیاتر کردووە، ئەو بۆردومانانەش زیاتر دەبن لە کاتێکدا کە داعش پێشڕەوی دەکات**

*** ئەی سەبارەت بەو جیاوازییانەی لە نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان لە بارەی شەڕی دژی داعش لە ئارادایە، ئایا ئەم جیاوازییانە نابێتە فاکتەرێکی نەرێنی بۆ دابەشبوونی شەڕەکە بۆ شەڕی نێوان شیعە و سوننە؟**

- پێموایە لە سەرەتادا ئەوە دابەشبوونێکی گرنگ و دابەشبوونێکی ئایینی بوو، کە کەرتبوونیشی لێکەوتەوە، بەڵام پێموا نییە ئەو دابەشبوونە چارەسەر بکرێت، ئەگەر هاتوو لە دەرئەنجامدا شیعە و سوننە هەوڵ و تواناکانی خۆیان یەك نەخەن بۆ زاڵبوون بەسەر دابەشبوونی ئایینی لە رێگەی پیادەکردنی عەمەلی هێزەوە.

## لە ناو شاری سوروچی تورکیا

# ئافرەتێکی ئاوارەی کۆبانێ کۆرپەکەی ناو لێ نا ئۆباما



دۆغو ئەرگیل*
بۆ گوڵانی نووسیوە

سوڵتان موسلیم، ئافرەتێکی کوردی سوریایە و خەڵکی شاری کۆبانێی گەمارۆدراوە، حەوتەم منداڵی بوو لە شاری سوروچی تورکیا کە خۆی و خێزانەکەی پەنایان بۆ بردووە. چاوەڕوان دەکرا خۆی و خێزانەکەی هەست بە سوپاسگوزاری بکەن لە ئاست تورکیادا، کە لەو بارودۆخە سەختەی ئەوانی پێدا تێدەپەڕێت، - ئەم وڵاتە - پەناگەیەکی سەلامەت و ئەگەری ژیانی پێ بەخشیون. بەڵام لەبری ئەوە خۆی و هاوسەرەکەی ناوی کوڕە تازە لەدایکبووەکەیان نا (محەممەد ئۆباما موسلیم)، ئەویش بە ناوی سەرۆکی ئەمریکا (باراك حوسێن ئۆباما)وە. چاوەڕوان دەکرا ناوی ئەم منداڵە بنرێت رەجەب، تەیب، یاخود ئەحمەد، بەڵام ئەوان رێزی خۆیان بۆ سەرۆك ئۆباما دەربڕی وەك فریادڕەس، نەك سەرۆکی تورکیا یاخود سەرۆك وەزیران.

دایکە سوڵتان گوتی: «من لە دڵەوە ئەم ناوەم لە کوڕەکەم ناوە و هەرگیز ناوەکەی ناگۆڕم. چونکە ئەو (ئۆباما) فڕۆکە و هاوکارییەکانی بۆ ئێمە رەوانە کرد. بەهۆی یارمەتییەکانی ئەوەوە رەنگە ئێمە لەم دڕەندەییە رزگارمان بێت و بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆمان بگەڕێینەوە.»

ئێمە وەك تورك دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین کە بۆچی ئافرەتێك و هاوسەرەکەی (مەحموود بێکۆ موسلیم)، پێکەوە لەگەڵ ٢٠٠ هەزار کورد تەنها لە کۆبانێ و ملیۆنێك و ٥٠٠ هەزار سووری دیکە کە لە تورکیادا پێشوازییان لێکراوە، سوپاسی کەسێك دەکەن کە لەو پەڕی جیهانە، نەك وڵاتێك کە پەنای داون و دەرفەتی رزگاربوونی بۆ رەخساندوون؟ من باوەڕم وایە وەڵامەکە لە قسەی باوکەکەدایە: «ئێمە دەمانەوێت ئۆباما هاوکاری ئێمە بکات بۆ ئەوەی بتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆمان. ئێمە وەك کورد هێرشمان کردۆتە سەر کێ و شەڕمان لە دژی کێ کردووە؟»

حکومەتی تورکیا و بەشێك لە خەڵکەکە بیرکردنەوەیەکی

پێچەوانەیان هەیە. ئەم دوولایەنە -حکومەت و بەشێك لە خەڵکەکە- بۆ رۆژگارێکی دوور و درێژە لە ناکۆکیدان لەگەڵ جوداخوازە کوردەکاندا، واتە پەکەکە لە وڵاتەکەدا، هەروەها پەیەدە- کە حزبێکی کوردی پێشەنگە و سەرکردایەتی بەرگریکردن لە کۆبانێ دەکات- بە پاشکۆی (پەکەکە)ی دەزانن.

هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی وەك دەرسێك لێی دەڕوانرێت بۆ کوردانی سوریا کە ملکەچی داواکارییە فەرمییەکانی تورکیا نەبوون. ئەم تێڕوانینە سیاسییە لای ئەوان گەڵاڵە بووە کە تورکیا خەمسارد بووە لە ئاست شەڕی کوردەکانی کۆبانێ لە پێناو شارەکەیان و ژیانی خۆیاندا، تەنانەت ئەو باوەڕەیان لا دروست بووە کە دۆستی راستەقینەی ئەوان ئەمەریکییەکانن، نەك تورك.

ئەم هەستە ناخۆشە بەرهەمێکی تاڵی لە رۆژهەڵاتی تورکیادا هێنایە ئاراوە. سێ سەربازی بێ چەك بە جل و بەرگی ئاساییەوە خەریکی بازاڕکردن بوون و بە رۆژی رووناك لەلایەن دوو کەسی دەمامکدارەوە لە شارۆچکەی پوکسەکۆڤا گوللە بە پشتی سەریانەوە نرا.

سەرۆك وەزیران، ئەحمەد ئۆغلۆ گوتی: «ئاشکرایە کە ئەم هێرشە ئیستیفزازکردنێکی پلان بۆ داڕێژراو بووە کە لەلایەن گرووپگەلێکی ناوخۆیی و دەرەکیی دیاریکراوەوە ئەنجام دراوە.»

ئەم وەڵامە تەقلیدییە لە ئاست تاوانەکاندا کە لەلایەن تاوانبارگەلێکی نەناسراوەوە ئەنجام دراون، گوزارشت لە هیچ شتێکی کۆنکرێتی ناکات. چەندین کاراکتەر هەن کە نایانەوێت تورکیا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵێکی دیاریکراو ببینێت. بەتایبەتی ئەو لایەنانەی کە خوازیارن تورکیا سەرقاڵ بێت بە کێشەی (کورد) ـەوە کە تا ئێستا نەیتوانیوە چارەسەری بکات.

دوای ئیغتیالکردنی سێ سەربازەکە، پاسەوانی گوندێکیش کوژرا، کە ئەمانە -پاسەوانی گوندەکان- میلیشیایەکی مەحەلی سەر بە حکومەتن و لە دژی پەکەکە رێکخراون. بە دڵنیاییەوە شێوازی ئەم کوشتنە و دانانی پارە لەناو دەمی کەسە کوژراوەکەدا پەیامێکە بۆ پاسەوانەکانی دیکە بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بە وەلائی خۆیاندا بکەن. لە کاتێکدا سەرتاسەری وڵاتەکە خەمباری خەسارەتەکە بوون، لەو کاتەدا کە رێککەوتنی ئاگربەست لە نێوان حکومەت و پەکەکەدا لە ئارادا بوو. شەممەی رابردوو رووداوێکی دیکەی ئیستفزازی لە جزیرە روویدا. بزووتنەوەی لاوانی شۆڕشگێری نەتەوەیی- کە سەر بە پەکەکەی بە یاسا قەدەغە کراوە- ئۆتۆنۆمی لە جزیرە راگەیاند کە سەر بە پارێزگای شێرناخە کە کەوتۆتە باشووری رۆژهەڵاتەوە.

بە سەدان ئەندامی دەمامکداری بزووتنەوەی لاوانی شۆڕشگێری نەتەوەیی کە ئاڵای پەکەکەیان بەدەستەوە بوو، رایانگەیاند کە سوور و نووری دراوسێش ناوچەگەلێکی ئۆتۆنۆمین و خۆیان خۆیان بەڕێوەدەبەن. ئەم راگەیاندنەی ئەوان رەنگدانەوەی هۆشیارییەکی سیاسیی یەکگرتووە لە نێو کورد کە دەبێتە هۆی ئەوەی سنوورەکان لە ماناکانیان بەتاڵ بکرێنەوە.

بەرخۆدانی کۆبانێ ئەو راستییەی بۆ ئێمە دەرخست، کە ئەگەر شۆڕش لە تورکیا بەرپا نەبێت، ئەوا سەرجەم دەستکەوتەکانی دیکە بۆ هەمیشە لە مەترسیدا دەبن.

**بێهەڵوێستی و ئەنجام نەدانی کارێك لەلایەن تورکیاوە لە ئاست ئەگەری کەوتنی کۆبانێ لەسەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی بێبەزەییدا، ئاکام و دەرهاوێشتەی بەربڵاوتر لەوەی لێکەوتەوە کە حکومەت پێشبینی دەکرد**

بێهەڵوێستی و ئەنجام نەدانی کارێك لەلایەن تورکیاوە لە ئاست ئەگەری کەوتنی کۆبانێ لەسەر دەستی دەوڵەتی ئیسلامی بێبەزەییدا، ئاکام و دەرهاوێشتەی بەربڵاوتر لەوەی لێکەوتەوە کە حکومەت پێشبینی دەکرد. بێ ئەوەی مەبەستێ بوو بێت، بووە هۆی یەکخستنی سەرجەم کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەوەش زیاتر، «پرۆسەی چارەسەری» دووچاری دژواری کرد کە لە نێوان حکومەتی تورکیا و پەکەکەدا لەئارادایە. کارێکی کرد ئەو کوردانە بەخۆداچوونەوە بە خۆیاندا بکەن، کە پشتیوانییان لە دەستپێشخەریی ئاشتیی حکومەت دەکرد، ئەویش کاتێك حکومەتی تورکیا رایگەیاند کە لەبەرامبەر هاوکاریکردنی بۆ بەرگریکردن لە کۆبانێ دەبێت کانتۆنە کوردییە خۆبەڕێوەبەرەکانی سوریا هەڵبوەشێنرێنەوە.

**ئێمە وەک تورک دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین کە بۆچی لە کاتێکدا ٢٠٠ هەزار کوردی کۆبانێ و ملیۆنێک و ٥٠٠ هەزار سووری لە تورکیادا پێشوازییان لێکراوە، ئافرەتێک و هاوسەرەکەی سوپاسی کەسێک دەکەن کە لەو پەڕی جیهانە، نەک وڵاتێک کە پەنای داون و دەرفەتی رزگاربوونی بۆ رەخساندون؟**

هەموو کوردێك دەزانێت کە کەوتنی کۆبانێ سەربڕینی وجوودی سیاسیی کوردە لە سوریا. دەوڵەتی ئیسلامی، کە بە مەراسیمەکانی سەربڕین ناسراوە، هەمان کار نەك تەنها لەگەڵ کۆبانێ، بەڵکو لەگەڵ قەوارە کوردییەکانی دیکەی باکووری سوریا -کە کەوتوونەتە سنووری تورکیاوە- ئەنجام دەدات. ئەم ئەگەرەش شەپۆلی سۆزی کوردی لە ناوخۆ و دەرەوە لە دژی تورکیا جوڵاند.

حکومەتی تورکیا بەهۆی ئەم بژاردنانە- کە بۆتە خەسڵەتی تایبەت بە خۆی- کارێکی کرد کوردەکان رۆڵی هێزێکی عەلمانی و رۆژئاوایی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ببینن، لە کاتێکدا پێشتر تورکیا ئەم رۆڵەی هەبوو. بۆیە لە ئێستادا دۆخەکە بۆ تورکیا هەم لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەم لە سەر ئاستی دەرەوە هەندێك سەختتر بووە.

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

# کێڵگەیەکی نوێی سیاسی
# تورکیا و هەرێمی کوردستان



**دکتۆر عادل باخەوان***

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت**

**لـــە رووبـــەری ئابووریـــدا، کاڵکردنـــەوە و پاشـــان دەستەمۆکردنی حکومەتی ناوەندیی بەغدا (کە شیعە بەڕێـــوەی دەبـــات)، ئامانجی یەکەمـــی حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێمە. بێهودە نییە کە، ســـەرۆك کۆماری تورکیا، ســـەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەچەندین ئاستی جیاوازدا دێنە دەنگ و باس لەوە دەکەن کە رێککەوتنە سیاســـی و ئابوورییەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە و هەرێم پێویســـتی بەوە نییە کە فەرمان لە بەغـــدا وەربگرێت. هەروەها بێهودە نییە کە ســـەرۆکی هەرێم وەك ســـەرۆك کۆمـــار لە تورکیادا پێشـــوازی لێدەکرێت و فەرشی سووری بۆ رادەخرێت.**

بێگومان ئەوەی کە حکومەتـــی تورکیا و حکومەتی هەرێم ناچار بـــە رێککەوتـــن و هاوپەیمانیی نوێ و درێژخایەن دەکات، بەتەنها پرسیاری جیۆپۆلیتیك نییە، بەڵکو پرســـیاری ئابووریشە. لە ٢٠١١وە، عێراق دەبێت بە دووهەم وڵاتی جیهان بۆ کاروباری بازرگانیی تورکیا کە ســـاڵانە تا بڕی دوانزە ملیـــار دۆلار ئاڵوگۆڕیان هەیە، کوردســـتانیش ٧٠٪ی ئەم رێژەیە پێکدەهێنێت. نزیکەی چوار هەزار و دوو ســـەد کۆمپانیای جیهانی لە کوردستاندا کار دەکەن، بەشی هەرە زۆریان تورکین. هەروەها تاکە رێگەی ناردنە دەرەوەی نەوتی کوردستان بـــە تورکیادا تێدەپەڕێت. تورکیـــا ناتوانێت ئەو چل و پێنج ملیار بەرمیل نەوتی یەدەگەیە کە لە کوردستاندا هەیە، وەك رەگەزێکی گرنگ لە دەستنیشـــانکردنی پەیوەندییەکانیدا بە هەند وەرنەگرێت. ناتوانێت هەمیشە چاوێکی لەسەر ئەو نزیکەی دوو سەد تریلۆن گازە نەبێت کە لە کوردستاندا خەوتووە! حکومەتی هەرێم ناتوانێت بەنـــدەری (جەیهان)ی تورکی وەك هـــەر بەندەرێکی دیکەی جیهان تەماشابکات، چونکە دەزانێت ئەوەی کە گریمانەی دەوڵەتی کوردی دەکات بە فەرمانی واقیع، بەندەری جەیهانە، نەك کۆنترۆڵکردنی کەرکووك !

لێـــرەوە رووبـــەری جیۆپۆلیتیك لەلایـــەك و رووبەری ئابووری لەلایەکی دیکەوە، ئەم دیو و ئەو دیوی سنوور (حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێم)، ناچاردەکات لە چوارچێوەی شەراکەتێکی فراواندا چەندین ستراتیژی هاوبەش پێکەوە بینابکەن.

لـــە رووبـــەری جیێۆپۆلیتیکدا کاڵکردنەوە و پاشـــان دەســـتەمۆکردنی هەژمونی پارتی یەکێتیی دیموکرات

(PYD)ی کوردستانی سووریا، ئامانجی یەکەمە. ئەم ئەکتەرە نوێیە نە ئامادەیە پارتەکانی دیکەی کوردستانی سووریا بکات بە هاوبەشــی خۆی، نە «باوکایەتی» حکومەتــی هەرێم قبوڵدەکات. ئەو بەتەنها هەر ســێ کانتۆنی عەفرین، کۆبانێ و قامیشــلی بەڕێوەدەبات و خۆی وەك دەسەڵاتێکی «واحید» و «بێ شەریك» دەخاتە ســەر شــانۆ سیاســییەکان. لێرەوە داخستنی سنوورەکانی تورکیا و هەرێم بەسەر ئەم پارتەدا، بەلای کەمەوە تا ڕووداوەکانی ئەم دواییە و پەلاماردانی کۆبانێ لەلایەن داعشــەوە، وەك هەنگاوێك بەرەو کاڵکردنەوە و پاشان ناچارکردنی بە دەستەمۆبوون دەخوێندرێتەوە.

لــە ڕووبــەری ئابووریشــدا، کاڵکردنــەوە و پاشــان دەســتەمۆکردنی حکومەتی ناوەندی بەغدا (کە شیعە بەڕێــوەی دەبــات)، ئامانجی یەکەمــی حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێمە. بێهودە نییە کە، ســەرۆك کۆماری تورکیا، ســەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەچەندین ئاستی جیاوازدا دێنە دەنگ و باس لەوە دەکەن کە ڕێککەوتنە سیاســی و ئابوورییەکانیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدایە و هەرێم پێویســتی بەوە نییە کە فەرمان لە بەغــدا وەربگرێت. هەروەها بێهودە نییە کە ســەرۆکی هەرێم وەك ســەرۆك کۆمــار لە تورکیادا پێشــوازی لێدەکرێت و فەرشی ســووری بۆ ڕادەخرێت. بێگومان پەراوێزخستنی بەغدا، چەند لە بەرژەوەندی حکومەتی تورکیــای «ســوننەیە»، هێندەش لــە بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی «کوردییــە»، کە نایەوێت چیتر «ڕێگەی دووری بەغدا بێت».

لێــرەوە دەتوانین بڵێین، هاوپەیمانی نوێی نێوان ئەم دوو ئەکتەرە، حکومەتی تورکیا و حکومەتی هەرێم، لەسەر پرانسیپێکی باڵا دادەمەزرێت کە بریتییە لە ئیدارەکردنی هەر سێ کوردســتانی عێراق و تورکیا و سووریا. ئەم دەرەنجامە لە چەندین جێگەی دیکەدا ئاماژەی پێکراوە و، لە ئێســتادا وەك بەڵگەنەویستێکی لێهاتووە. ئەوەی لەنێو ئەم کێڵگەیەدا نوێیــە، چەمکی «ئیدارەکردنی هاوبەشە». گەر تا دوێنێ، هەر یەکێك لەم دوو ئەکتەرە خواستی ئەوەیان هەبوویێت کە بەتەنها ئیدارەی ڕووبەری کوردی بکەن، لە ئێســتا و ئێرەدا، چەندین «ماکرۆ» بەرژەوەندیی هاوبەش ناچاریاندەکات بەوەی کە پێکەوە ئیدارەی هاوبەشی ئەم ڕووبەرە بکەن و پێکەوە میکانیزم و ستراتیژی هاوبەش بەرهەمبهێنن. بەڵام ئایا بەتەنها هاوپەیمانــی لەگــەڵ حکومەتی هەرێمــدا دەتوانێت ئاسایش و سەقامگیری بۆ تورکیای ٣٠ ساڵ لە جەنگدا دابین بکات ؟ ئایا بە تەنها کرانەوەی تورکیا بە ســەر کوردســتانی عێراقدا، بەبێ کرانەوە بەسەر کوردستانی تورکیا و ئەکتەرە جیاوازەکانیــدا، دەتوانێت ئەم کێڵگە نوێیە سیاسییە دابمەزرێنێت و فراوانی بکات؟

بێگومــان نەخێــر. بەپێچەوانــەوە، کرانەوە بەســەر کوردســتانی عێراقدا، بەبێ کرانەوە بەسەر کوردستانی تورکیادا، هەڕەشــەیەکی گەورە لەسەر کۆی کێڵگەکە دروســتدەکات. ســەر لەنوێ تەقینەوەی کوردستانی تورکیا، لە هەلومەرجێکی ناسکی وادا کە دراوسێکانی جمهوورییــەت بــوون بە ژێر لافــاوی خوێنەوە، نە لە بەرژەوەندیی تورکیادایە، نە لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێمە. بەتایبەتی لە کاتێکدا کە حکومەتی تورکیا، بە گۆشت و ئێسقانەوە، دژایەتی خۆی بەرامبەر سووریای ئەســەد ڕاگەیاندووە و پەیوەندی نێوان ئەســەدەکان و پارتی کرێکارانی کوردســتان (PKK)یش مێژوویەکی درێژی هەیە و، گریمانەی زیندووکردنەوەی هەمیشــە لەپێشمانەوەیە، نەك لە دوامانەوە.

لە دەرەنجامــی خوێندنەوەی ئەم هەمــوو داتایانەدا، عەقڵــی دەوڵــەت خــۆی فــەرز دەکات و حزبــی دەســەڵاتدار لە تورکیادا (داد و گەشەپێدان)، بڕیاری ئاســاییکردنەوەی هەلومەرجی کوردســتانی تورکیا و وەگەڕخســتنی پرۆسێسی ئاشــتی و دروستکردنی پردی پەیوەندیی ڕاســتەوخۆ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان و دانوســتان لەگەڵ (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)دا دەدات، هەرچەند لە ئێســتا و ئێرەدا، جەنگی کۆبانێ خاوێنیکردووەتەوە و گرفتی گەورەی بۆ دروستدەکەن. باسکردن لەوەی کە لە سبەینێیەکی نزیکدا پرسی کورد لە تورکیای داد و گەشەپێداندا چارەسەر دەکرێت، هیچ پەیوەندیەکــی بە واقیعەوە نییــە و تەنها لە خەیاڵداندا دەکرێت جێگەی ببێتەوە، بەڵام نەبینینی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە بە سەر ئەکتەرە سیاسییەکانی تورك و بە ســەر یادەوەری کۆلێکتیڤی تورکیدا هاتووە، کە بەسەر میتۆدی بیرکردنەوە و دروستکردنی ستراتیژیدا هاتووە، بەناوی ئەوەی کە «ستراکتۆری عەقڵی تورکی جێگرە لەنێو زەمەندا»، بەنــاوی ئەوەی کە بەرژەوەندییەکانی تورکیا پێش هەر شــتێك ئایدیۆلۆژین و گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، وەك ئەوەی کە دەوڵەت و کۆمەڵگەی تورکی لە دەرەوەی مێژووی بەشەرییەتدا بن، دەمانبات بەرەو نەبینینی جیهانــی دەوروبەرمان وەك ئەوەی کە هەیە، دەمانبات بەرەو دەرەنجامی هەڵە و بڕیاری هەڵە و پاشان جووڵانەوەی هەڵە لە دنیایەکدا کە چیتر دنیای ڕاستەقینەی ئێمە نییە.

---

* **سۆسیۆلۆگ و مامۆستای زانکۆ لە پاریس**

**کرانەوە بەسەر کوردستانی عێراقدا، بەبێ کرانەوە بەسەر کوردستانی تورکیادا، هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر کۆی کێڵگەکە دروستدەکات**

**پەراوێزخستنی بەغدا، چەند لە بەرژەوەندی حکومەتی تورکیای «سوننەیە»، هێندەش لە بەرژەوەندی حکومەتی هەرێمی «کوردییە»، کە نایەوێت چیتر «ڕێگەی دووری بەغدا بێت**

**نزیکەی چوار هەزار و دوو سەد کۆمپانیای جیهانی لە کوردستاندا کار دەکەن بەشی هەرە زۆری تورکین**

پرۆفیسۆر ستیڤن لیۆنارد جاکۆب تایبەتمەند لەسەر جینۆساید بۆ گوڵان:

# بەپێی پێناسەکەی رافایل لەمکین کوردانی ئێزیدی دووجار جینۆساید کراون

**پرۆفیسۆر ستیڤن لیۆنارد جاکۆب ئوستادی دیراساتی ئایینە لە زانکۆی ئەلباما و تایبەتمەندە لەسەر دیراساتی ئایینە ئاسمانییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها لەسەر تاوانی جینۆساید بەگشتی و جینۆسایدی جوولەکە لەسەر دەستی نازی (هۆلۆکۆست) توێژینەوەی وردی کردووە. بۆ قسەکردن سەبارەت بە قەوارەی گەورەیی ئەو تاوانەی تیرۆریستانی داعش دژی کوردی ئێزیدی و هەروەها کریستیانەکان ئەنجامیانداوە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردووە و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

*** لە هێرشەکانی داعشدا بۆ سەر شنگال لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە هەزاران کوردی ئێزیدی کۆمەڵکوژ کران و بە هەزاران ئافرەتیان بە کۆیلە کران و بازرگانییان پێوەکراو فرۆشران، ئایا تا چ رادەیەك دووبارە بە کۆیلەکردنەوەی ئافرەتانی کورد بە تاوانێکی نێودەوڵەتی دێتە هەژمارکردن؟**

- سەرەتا ئەو میحنەتەی بەسەر ئافرەتانی کوردی ئێزیدیدا هاتووە، هەم نایاسایی و هەم نائەخلاقییە و تەنانەت بە پێی داب و نەریتی ئیسلامی و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز پێشێلکردنی هەموو پرەنسیپێکی کەرامەتی مرۆییە. بەردەوام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە چەندین بواردا چارەسەری ئەم حاڵەتەی کردووە، بەڵام ئەوەی مایەی دڵتەنگییە، ئەم راڤەکارە توندڕەوە رادیکاڵ و




هەڵانە بۆ داب و نەریتی ئیسلامی، خۆیان بە بەشێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نازانن و بە هەڵە باوەڕیان وایە کە خوای پیرۆزی هەموو ئایینەکان بە یەهودییەت و مەسیحییەت و ئیسلامەوە تەنها لەگەڵ ئەواندایە.

*** ئاماژەت بەوەکرد ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە لەدەرەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و، هیچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی مامەڵەیان لەگەڵ ناکات، ئەمەش مانای ئەوەیە ناتوانرێت کارێکی جددی و یاساییان لە دژ ئەنجام بدرێت، ئایا پێتوایە ئەگەری ئەوە هەبێت یاسای نێودەوڵەتی بەرگری لە بەکۆیلەکردنی ئافرەتانی کورد و فرۆشتنی ئەو ئافرەتانە بکات؟**

- لە زۆر ڕووەوە یاسا هەیە، زۆرێك لە نەتەوەکان بە یاسا کۆیلایەتییان قەدەغە کردووە، بە درێژایی چەندین ساڵ نەتەوە یەکگرتووەکان ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە بۆتەوە لە ڕێی دۆکیۆمێنتەکان و کۆنفرانسەکانەوە کە تایبەت بوون بە مافەکانی ئافرەتان و منداڵان. بەڵام ئەوەی پێی دەگوترێ «دەوڵەتی ئیسلامی» هەموو شەرعییەتێکی یاسایی لە دەرەوەی خۆی ڕەتدەکاتەوە و دانی پێدا نانێت، بەو پێیە خۆی بە بەشێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نازانێت، کەواتە هیچ ئەرکێکی نییە بۆ پابەندبوون و ڕێزگرتن لەوەی خەڵکانی دیکە بە شێوەیەکی دەستەجەمعی دەریان کردووە.

*** کاتێك دێینە سەر بەراوردکردنی جینۆسایدی ئەرمەنی و ئێزیدییەکان، ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە چ جیاوازییەك هەیە لە نێوانیاندا کە جیهان دان بە**

**جینۆسـایدی ئەرمەنییەکاندا دەنێت، بەڵام دوو دڵە لە ئاست بە کۆیلەکردن و کۆمەڵکوژکردنی ئێزیدییەکاندا؟**

- جیاوازیی سەرەکی لە نێوان جینۆسایدی ئەرمەنییەکان و جینۆسـایدی ئێزیدییـەکان ئەوەیـە، جینۆسـایدی ئەرمەنییەکان لەسەر دەستی دەوڵەتێك بووە و جینۆسایدی ئێزیدییـەکان ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتی کردوویەتی کە شـەرعییەتی نێودەوڵەتی نییە، ئـەوەی یەکەمیان لەلایەن دەوڵەتێکەوە شەریعیەتی پێدرا، لەسایەی سوڵتان عەبدولحەمیـدی دووەم و دواتـر لە سـایەی دەوڵەتە عەلمانییەکەدا کە جێی گرتەوە. بەڵام بە تێڕوانینی من ئەوەی دژی ئێزیدییەکان ڕوویداوە، جینۆسـایدە، ئەگەر جیهانیـش دان بەوەدا بنێت کە ئەو تراژیدیای بەسـەر خەڵکانی ئێزیدیدا هاتووە، جینۆسایدە ئەوا ئەرکێکی بە کۆمەڵ دەخاتە ئەستۆی کە هەڵبستێت بە ئەنجامدانی کارێك دژی ئەو گرووپە سەربازییە لە یاسا دەرچووە. بە ڕەوچاوکردنی ئەوەی لەم سـاتەوەختەدا قەیرانی دیکەش لـە ئارادان- سـوریا و ئیبۆلا و .. هتـد- ئەوا ئەگەر بە سـادەیی بدوێین، جیهان بە راسـتی تەرکیز لەسەر خەڵکانێـك ناکات کە وای دەبینێـت ژمارەیان کەمە و هێشـتا دەوڵەت نەبۆتە تەوەری بیرکردنەوەیان. هەر لەو ڕوانگەیەوە، ئەوەی مایەی بایەخپێدانە، جگە لە کڵێسای کاسۆلیکی ڕۆمانی لە ڕۆژئاوا، پێناچێت جیهان ئامادەی چارەسـەرکردنی قەیرانە بەردەوامەکانی مەسیحییەکان بێت لە سەرتاسـەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنانەت بارودۆخی قیبتییەکانیش لە میسر نەبۆتە هۆی ئەوەی ئیدانە بکرێت و نەبۆتە هۆی ئەوەی کارێکی ڕاستەوخۆ لە بەرامبەریدا بگیرێتەبەر.

**شەرمەزارییە بۆ مرۆڤایەتی کە بەردەوام تەماشاکارە لە ئاست ئەنجامدانی کاری نامرۆڤانە لەلایەن خەڵکانێکەوە دژی خەڵکانی دیکە، بەبێ ئەوەی هیچ کردەوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدات**

*** سەرەڕای تاوانەکان دژی مەسیحی و ئێزیدییەکان لە عێراقدا، ئەوا لە هەرێمی کوردستاندا یەك ملیۆن و نیو ئاوارە هەن، ئیدی یان ئاوارەی ناوخۆن، یاخود پەنابەری دەرەوەن، ئەمەش بـە دەرە لە توانای ئەم هەرێمەیەو ئەو ئاوارانەش لە ڕەوشـێکی خراپدان و بـە هاتنی وەرزی زستانیش دۆخەکەیان خراپتر بووە، هاوکاری و کۆمەکی نێودەوڵەتیش وەك پێویسـت نەبـووە، لەلایەکی دیکەوە حکومەتی عێراقی بەشـە بودجەی کوردستانی بڕیوە و ئەمەش ئەوەندەی دیکە باری سەرشانی هەرێمی گرانتر کردووە، ئایا جیهان چۆن لەم کارەساتە دەڕوانێت؟**

- ئـەوە شـەرمەزارییە بـۆ مرۆڤایەتی کە بـەردەوام تەماشـاکارە لە ئاسـت ئەنجامدانی کاری نامرۆڤانە لەلایەن خەڵکانێکەوە دژی خەڵکانی دیکە بەبێ ئەوەی هیچ کردەوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئەنجـام بدات. ڕێکخراوە مرۆیی و کۆمەك بەخشـەکان، کە هەندێکیان ئایینین و هەندێکیان نائایینیـی، بەردەوامن لە هەوڵەکانیان، بەڵام

**ئەو میحنەتەی بەسەر ئافرەتانی کوردی ئێزیدیدا هاتووە، هەم نایاسایی و هەم نائەخلاقییە و تەنانەت بە پێی داب و نەریتی ئیسلامی و خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز پێشێلکردنی هەموو پرەنسیپێکی کەرامەتی مرۆییە**



ئەمانە کۆششـی بچووکن و زۆربـەی کات خۆیان لە خۆیاندا مەترسیدارن و هەندێ جار ڕووبەڕووی شکست دەبنـەوە. لە ئینجیلدا وەڵامی یـەزدان بۆ کەون ئەوەیە کە ئێمـە پارێزەری خوشـك و براکانمانین، بەڵام ئەمە پشتگوێ خراوە.

*** جگە لە بـە کۆیلەکردنیان تیرۆریسـتانی دەوڵەتی ئیسـلامی داوایان لە مەسیحی و ئێزیدییەکان کرد ببنە ئیسـلام، ئایا ئەمە جینۆساید نییە دژ بە کەمینەکان و ئایا ئەم جینۆسایدە بێ لێپرسینەوە تێدەپەڕێت؟**


- بەڵێ ئەوە جینۆسایدی کەلتوورییە، کە تەبایە لەگەڵ خودی تێگەیشـتنی رافایڵ لەمکین (١٩٠٠-١٩٥٩) لەبارەی ئەوەی چ شتێك تاوانی جینۆساید پێکدەهێنێت، ئەویش لە نامەکەیەدا کـە ناردی بۆ کۆمەڵەی گەلان و کۆنفرانسـی مەدرید (ئەگەرچـی ئەو خودی خۆی ئامادە نەبوو، خوێنرایەوە، بەڵام کاری لەسـەر نەکرا) لە



ســـاڵی ١٩٣٣دا، ئەو جیاوازی کرد لە نێوان « vanda-ism» (واتە تێکشـــکاندنی کەلتوور) و «barbarism» (واتە تێکشـــکاندنی فیزیکی خەڵك). ئەوپیاوە بوو کە دەستەواژەی جینۆسایدی لە جیهاندا داهێنا و پاڵنەر بوو بۆ ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٤٨، کە بریتی بوو لە ڕێککەوتنامەی سزادان و ڕێگەگرتن لە تاوانی جینۆساید. لەبەر ئەوەی نووسینێکی زۆرم هەیە لەبارەی خۆی و کارەکانیەوە، ئەوا هیچ گومانێکم نییە کە ئەو میحنەتی ئێزیدییەکانی بە جینۆساید دادەنا.

*** ئایا دەکرێـــت قوربانییانی ئێزیدی بۆ ئەوەی قەرەبوو بکرێنەوە سکاڵا لە دادگای نێودەوڵەتی تۆمار بکەن؟**

- بەڵێ پێموایە دەکرێت ئێزیدییەکان سکاڵا تۆمار بکەن بۆ قەرەبووکردنەوەیان لە بوارە یاساییە نێودەوڵەتییەکەدا، من شەرەفمەند دەبم کە ئیمزا لەسەر ئەو دۆکیۆمێنتە بکەم. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی داوای لەسەر تۆمار دەکرێت کە پێی دەگوترێ «دەوڵەتی ئیسلامی»، ئەمەش زیاتر لـــە کارێکی ڕەمزی دەچێت، ڕەنگە تا ڕاددەیەك مایەی دڵنەوایـــی بێت بۆ ئێش و ئـــازاری ئێزیدییەکان، بەڵام ئەگەر بە واقیعی و بە ڕاســـتگۆیی بدوێین، ئەوا باوەڕم وا نییە ئەم داوا یاســـاییە سەرکەوتوو بێت. ڕەفتاری ئەم چەکدارانـــە، ئەوەی من بە ڕاڤەیەکی توندڕەو و هەڵەی خودی ئایینەکەی خۆیانی دەزانم تاوانێکی جینائییە نەك مەدەنی. چونکە ئەوان بەردەوامن لە فەرامۆشـــکردنی هەر شتێك کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دەرکرا بێت، هەروەها کەســـانێکی کەمن و بە زۆری نەناسراون، ئەوان ئەمەش پشـــتگوێ دەخەن، بـــەڵام دانپێدانان بەم جینۆسایدەدا تەنانەت ئەگەر بێ قەرەبووکردنەوەش بێت، هەوڵێکە شایســـتەی ئەوەیە بیخەینەگەڕ، من هانی ئەو کەسانە دەدەم کە شارەزایی یاساییان هەیە بۆ ئەوەی ئەم هەوڵە ئەنجام بدەن.



# کچانی ئێزیدی و زامەکانی دوای بە کۆیلەکردن

**گۆڤاری گوڵان لە درێژەی بەدواداچوونەکانیدا بۆ دۆخی ئاوارەکان بەگشتی و ئافرەتانی رفێندراوی ئێزیدی بە تایبەتی، ئەمجارە ژمارەیەك شایەتحاڵی تاوانەکانی داعش دەدوێنێت کە داستانێکی پڕ لە نەهامەتی و مەرگەسات و ئازار و ئەشکەنجەدان دەخەنەڕوو، ئەوان بە جۆرێك دیمەنی راستەقینەی وەحشیگەرییەکانی چەکدارانی داعش وێنا دەکەن، کە ویژدانی مرۆڤایەتی دەهەژێنن.**

رفاندن و فرۆشتنی کچ و ژنی کوردانی ئێزیدی لە شنگال، نوێکردنەوەی زامەکانی قڕکردن و بێسەروشوێنکردنی ١٨٠ هەزار کورد و ١٢ هەزار کوردی فەیلی و ٨٠٠٠ بارزانی و راپێچکردنی دەیان هەزار کوردە بۆ بیابانەکانی عەرعەر و ئۆردوگا زۆرەملێیەکان. ئەمجارە ئەنفالچییەکان بە جلکی رەش و بە درۆشمی پیرۆزی ئیسلامی و بە ناوی (داعش)ـەوە دەستیان دایە بینەقاقای کورد و بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە دوای کوشتنی کوڕ و مێردو باوکی ئافرەتانی ئێزیدی، دەستی رەش و چەپەڵیان بۆ کچە پاکیزەکانی پێکهاتەیەکی گرنگی کورد درێژ کرد،



هەرچەندە تا ئێستا هیچ ئامارێکی فەرمی نییە لەسەر ژمارەی ئەو ئافرەتە ئێزیدییانەی کە رفێندراون، بەڵام شایەتحاڵەکان باس لە رفاندن و کۆیلەکردنی زیاتر لە ٤٠٠ کچ و ژن لە خەڵکی شنگال دەکەن، کە چەکدارانی داعش وەکو دەستکەوتی شەڕ (غنیمە) دەستبەسەریان کردووە و جگە لە جیهادی نیکاح، لە موسڵ و و رەقە مامەڵەیان پێوە دەکەن و دەیانفرۆشن. گۆڤاری گوڵان لە درێژەی بەدواداچوونەکانیدا بۆ دۆخی ئاوارەکان بەگشتی و ئافرەتانی رفێندراوی ئێزیدی بە تایبەتی، ئەمجارە ژمارەیەك شایەتحاڵی تاوانەکانی داعش دەدوێنێت و ئەوان لە ناو ئاپۆرای فرمێسکدا باسی ئەو تاوانە وەحشیگەرییە دەکەن کە چەکدارانی داعش دەرهەق بە کوردی ئێزیدی کردوویانە.

بەهار عەلۆ، ئافرەتێکی ئاوارەی خەڵکی (شێخان)ـە و لە بارەی بێسەروشوێنکردنی کچان و ژنانی شنگال بۆ گوڵان دەڵێت: «ئەو خەڵکەی نەیانتوانی بگەنە چیای شنگال، داعشەکان کوشتیانن و ژنەکانیشیان بەناوی غەنیمەی شەڕەوە رفاند، بەتایبەتی کچە گەنج و تازە پێگەیشتووەکانیان وەکو کۆیلە لە موسڵ و رەقە فرۆشتووە، بەڕادەیەك هەر کچێکیان بە ٣٥٠ هەزار دینار فرۆشتووە، ژمارەیەکیشیان لەبەر ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەر شەرەفیان خۆیان کوشتووە».



**ئافرەتێکی ئاوارە:**
**کچە دیلەکان لە دۆخێکی زۆر خراپدان، لەلایەک بۆ باوک و برا و پیاوەکانیان دەگرین کە داعشە خوێنمژەکان کوشتوویانن، لەلایەکی دیکەوە خەمی نامووسیان تەنگی پێهەڵچنیون**

**برای دوو خوشکی رفێندراو:**
**خوشکەکانم باری دەروونییان تێکچووە ئامادە نین لەمیدیاکان زیاتر لەوە باسیان بکەن**

ئەو ئافرەتە لە ناو هەنیسکی گریاندا دەستە لەرزۆکەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکاتەوە و دەڵێت: «خوایە ئەو تاوانە قبووڵ نەکەی و چی داعشە تەفروتوونایان بکەی».
سەنەم بەلۆ، ئافرەتێکی بەساڵاچووی ئاوارەیە و ئەویش بە نیگەرانییەکی زۆرەوە دەڵێت: «ئێزیدی هیچ کاتێك دەستدرێژی نەکردۆتە سەر کەس و ئەم کارە لەلای قێزەوەن بووە، کەچی بە تۆمەتی کوردبوون و بە بیانووی جیاوازیی ئایینەکەمانەوە چەکدارانی داعش کچەکانمانیان رفاند و ئێستا مامەڵەیان پێوە دەکەن و دەیانفرۆشن، من ناسیاوێکم بەناوی (ب.م) دوو خوشکی رفێندراون، سەرۆك هۆزێکی سوننەی عەرەب بەمەبەستی رزگارکردنیان بە پارە کڕیبیانی و دواتر دەربازی کردن، بەڵام بەداعشەکانی گوتووە: هەڵهاتوون».
زۆربەی خێزانە ئێزیدییەکان بە هۆی کەلتوور و نەریتی خۆیان ئامادە نین باس لە نامووسی خۆیان بکەن، بۆیە دوای سۆراخێکی زۆر گەیشتینە ئەو خێزانە کە دوو کچیان شایەتحاڵی تاوانەکانی داعش بوون، بەڵام براکەیان رێگەی نەدا باسی کارەساتەکە بکەن و تەنیا گوتی: «خوشکەکانم باری دەروونییان تێکچووەو ئامادە نین لەمیدیاکان زیاتر لەوە باسیان بکەن، چونکە بە وروژاندنی ئەو مەسەلەیە باری دەروونی خوشکەکانم زیاتر تێکدەچێت و لەوانەیە خۆیان بکوژن»، دوو خوشکەشی لە دوورەوە و بە بێدەنگی سەیریان دەکردین و هیچ قسەیەکیان نەکرد.
ئاوارەکانی ئێزیدی بێزاری و خەمۆکییەکی زۆریان پێوەدیار بوو، بە دەگمەن ئامادەبوون چیرۆکی رفاندن و بێسەروشوێنکردنی ئافرەتە ئێزیدییەکان بخەنەڕوو. خانمێك کە خۆی بە «نورخان» ناساند، یەکێك بوو لەوانەی ئامادە بوو قسە لە سەر ئەو تاوانکارییانەی چەکدارانی داعش بکات و هەر لەو بارەیەوە گوتی: «داعشەکان گەنج و لاوەکانمانیان بە بێ پرسیار کوشت و لە ماڵ و زێدی خۆمان دەربەدەریان کردین، لەمەش قێزەوەنتر رفاندن و فرۆشتنی کچەکانمانە، بەتایبەتی لە گوندەکانی تەلعەزێم و کۆچۆ، ئەو کچانەش لەدەستی داعش رزگاریان بووە، قسەو کردەوەی زۆر ناشیرین لەبارەی رەفتار و رەوشتی نزمی داعشەکان دەگێڕنەوە، ئەوان بەچاوی خۆیان بینیویانە کچیان لە تەمەنی ١٣ساڵی بە ١٠٠٠ دۆلار فرۆشتووە و چەندین کچی جوانی کوردیش جیهادی نیکاحیان پێوە کردوون»، گوتیشی: «کچە دیلەکان لە دۆخێکی زۆر خراپدان، لەلایەك بۆ باوك و برا و پیاوەکانیان دەگرین، کە داعشە خوێنمژەکان کوشتوویانن، لەلایەکی دیکەوە خەمی نامووسیان تەنگی پێهەڵچنیون».



سەبارەت بەشوێنی کچەکانی دیل و مامەڵەی وەحشیگەرییانەی داعشەکان لەگەڵیاندا ئافرەتێکی کوردی ئێزیدی کە ئاوارەیە و لەهۆڵی بۆنە ئایینیەکانی شێخان خۆی و خێزانەکەی نیشتەجێیە، باسی ئەوەی کرد کە چاوی بە یەك دوو ئافرەتی دیل کەوتووە کە رزگاریان بووە، ئەوەشی خستەڕوو کە خزمەکانی ئەو کچانە پێیانوایە داعشەکان بە ئەنقەست ئەو کچانەیان بەرداوە، تاوەکو چیرۆکی وەحشیگەری و دڕندەیی ئەوان بگێڕنەوەو ئەوەندەی دی ترس و تۆقێن لەناو ئێزیدییەکان و کەمە نەتەوە و ئایینزاکانی دیکە بڵاو بکەنەوە، بۆ ئەوەی کۆچ بۆ دەرەوەی کوردستان بکەن، گوتیشی: «یەکێك لە کچە دیلەکان دوای رزگاربوونی باسی ئەوەی بۆ کردم کە بە لێدان و چاوسوورکردنەوە و هەڕەشەی کوشتنی منداڵە ساواکان ناچاریان کردوون بچنە ناو لۆری و هەمەرەکان و دواتر لە خانوویەکدا کە وەکو شوێنی بەرپرسەکەیان وابوو، داعشەکان پرچیان بڕیون و بەلێدان شێوە و روخساری ئافرەتانیان شێواندوون و ئازاری زۆریان داون، تەنانەت وەکو مەڕوماڵات کچە جوانەکانیان جیاکردەوە و کڕین و فرۆشتنیان پێوەکردن، کچە مێرمنداڵەکانیان لەلایەن ئەمیر و کەسە دەستڕۆیشتووەکانی داعشەوە مارەکران، لە پەرستگەی لالش ژمارەیەکی زۆری خێزانە ئاوارەکانی ئێزیدی نیشتەجێ کراون و زۆربەی ئافرەتە ئێزیدییەکان لە رێگەی گۆڤارەکەمانەوە داوایان دەکرد، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زیاتر گرنگییان پێدات و سۆراخی کچە پاکیزەکانیان بۆ بکەن و لە دەست ئەو زاڵم و خوێنڕێژانە رزگاریان بکەن، تاوەکو چیتر ئافرەتی کورد وەکو کۆیلە مامەڵەی پێوە نەکرێ، خەمی گەورەی ئەوان گەڕانەوەی ئەو ئافرەتانە بوو کە دەوڵەتی ئیسلامی داعش رفاندوویانن. پیاوەکانیشیان جەختیان لە دەستێکەڵکردنی زۆربەی خەڵکی عەرەبی هۆزەکانی ناوچەکە لەگەڵ داعش دەکرد، ئافرەتێکی بەساڵاچووی ئێزیدی لەو بارەیەوە گوتی: «دەبێت هۆزە عەرەبە سوننەکانی ناوچەکە وەڵامی خەڵکی کوردستان و سەرۆکەکەی بدەنەوە، چونکە خیانەتی ئەوان نەبووایە، هەرگیز ئەو رەشەکوژی و قڕکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ناموسی کورد بۆ داعشەکان نەدەچووەسەر کە لەگوندەکان و بە رێنمایی ئەوان هێرشیان دەکردە سەرمان، دەیان کچ و ئافرەتی ئێزیدیش پەنایان بۆ ئەو گوندانە بردووە، کەچی ئێستا هیچیان دیار نین و بێسەروشوێن کراون».

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی چاومان پێیان کەوت، بێئومێد بوون لە بەرامبەر کۆمەك و هاوکارییەکانی حکومەتی عێراقی و رێکخراوە بیانییەکان، هاتنی وەرزی زستان و سەرما و بارانیش ئەوەندەی دی باری سەرشانیانی قورس کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هیوایان بە پێشمەرگە بوو بەوەی مژدەی رزگارکردنی شنگالیان پێ بدەن، هاوکات داوایان لە خێرخوازان دەکرد بەشیری منداڵ و حەفازە و خۆراك و جلوبەرگی منداڵان هاوکارییان بکەن. خێزانە ئێزیدییەکان ژمارەیەکی زۆری منداڵیان هەیە و لەم وەرزەی زستانەدا مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و خراپبوونی باری تەندروستییان لێدەکرێت، لەم رووەوە ئافرەتێکی ئێزیدی بە ناوی خەرمانە گوتی: «ماوەیەکە هاوکارییەکانی خێرخوازان نەماوە و منداڵەکانمان بەم وەرزە زۆر پێویستیان بە جلوبەرگ و شیر و حەفازەی منداڵان هەیە، ئێمەی ئافرەتی ئێزیدی قوربانییەکی زۆرمان داوە و سەرەڕای خەمی گەورەی قوربانییەکانمان و بارگرانی سەرشانی خێزانەکانمان، لە بەردەم سەرماو سۆڵەی زستان و بارانبارین لەناو چادرین»، گوتیشی: «هیچ هیوایەکمان بە حکومەتی عێراقی نییە و تەنیا بە حکومەتی هەرێم ئومێدەوارین و داواکارین تا شنگال رزگار دەکرێت و دەگەڕێینەوە بۆ ناو ماڵ و حاڵی خۆمان، ئاوڕێکی زیاترمان لێ بداتەوە».

**ئافرەتێکی بەساڵاچووی ئێزیدی:**
**ئێزیدی هیچ کاتێک دەستدرێژی نەکردۆتە سەر کەس و ئەم کارە لەلای ڤێزەوەن بووە، کەچی بە تۆمەتی کوردبوون و بە بیانووی جیاوازی ئایینەکەمانەوە چەکدارانی داعش کچەکانمانیان رفاند و ئێستا مامەڵەیان پێوە دەکەن و دەیانفرۆشن**

**پیاوێکی ئێزیدی:**
**هۆزە عەرەبە سوننەکانی ناوچەکە وەڵامی خەڵکی کوردستان و سەرۆکەکەی بدەنەوە، چونکە خیانەتی ئەوان نەبووایە، هەرگیز ئەو رەشەکوژی و قڕکردن و دەستدرێژیکردنە سەر ناموسی کورد بۆ داعشەکان نەدەچووەسەر**